سەنتەری روناکبیری
ئێلبەگی جاف
ELBEGI JAFF
CULTURAL CENTER

# فەیلەسوفە ڕۆژئاواییەکان

# و

# بزوتنەوە ئوسوڵییە توندڕەوەکان

نووسینی

هاشم ساڵح

وەرگێڕانی

هێمن مەحمود

2006



www.pertwk.com

## سەرەتایەکی کورت

نووسەری گەورەی عەرەب (هاشم ساڵح) یەکێکە لە قەڵەمە جیدی و ڕاستگۆیەکانی عەرەب و وتار و بیروڕاکانی شوێنی گرنگی پێدانن چ لەناو عەرەبەکاندا و چ لە دەرەوەی ئەو نیشتمانەش کە پێیدەڵێن نیشتمانی عەرەبی. بەلای ئێمەی خوێنەری کوردیشەوە ئەم نووسەرە غەریب نیە و لەلایەن چەند بەڕێزێکەوە چەند کتێب و وتاری کراونەتە کوردی و شایانی دەستخۆشین. پێشتریش سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی (نما) لە هەولێر کۆمەڵە وتارێکی وەرگێڕدراوی ئەم نوسەرەیان لە ژێر ناوی (ئیسلام و ڕۆشنگەری) بۆ بە چاپ گەیاندوم، ئێستاش سەنتەری ڕوناکبیری (ئێلبەگی جاف)بە سوپاسەوە ئەم کۆمەڵە وتارەی تری نووسەرەم بۆ چاپدەکەن.

ئەوە ماوەتەوە بڵێم ئەم وتارانە پێشتر لە هەردوو ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (نێوەند) دا بڵاوکراوەتەوە و لە سایتی (شەرق ئەلئەوسەت) ەوە وەرگیراوە.

هێمن مەحمود

دەربەندیخان

سەرەتاکانی 2006

## بۆ پاریس: شۆڕشەکە هی برسییەکانە ... نەوەك شۆڕشی ئۆباش

بۆ ئەوەی لەوە بگەین کە ئێستا لە فەرەنسادا چی روودەدات پێویستە چەند راستییەکی سەرەتایی وەبیر بهێنینەوە .. یەکەمینیان ئەوەیە لەم وڵاتەدا گەورەترین رەوەندی ئیسلامی لە هەموو ئەوروپادا تیادایە، کە ژمارەیان لە نێوان چوارملیۆن و پێنج ملیۆن و رەنگە زیاتریش بێت. جا بۆیە ئەم رەوەندە گەورەترە لەو رەوەندە ئیسلامییەی کە لە ئینگلتەرە و ئەڵمانیادا هەیە، ئەمە ئەگەر ئەوەشی بۆ زیاد بکرێ کە ئەم رەوەندە زۆرینەیان عەرەبی و مەغریبین بە پێچەوانەی ئەوانەی ئینگلتەرەوە کە رەگەزی هیندی – پاکستانی تیایدا زاڵە، هەروەها بە پێچەوانەی ئەوانەی ئەڵمانیاشەوە کە زۆرینەیان رەگەزی تورکی تیایدا زاڵە، هەر لەبەر ئەم هۆیەشە رەوەندی ئیسلامی فەرەنسی بە پلەی یەکەم بەلای عەرەبەکانەوە گرنگە. دوهەمینیشیان بە شێوەیەکی گەورە بێ ئیشییەکی زۆر کە زۆر زیاتر لە توێژەکانی گەلی فەرەنسی توشی ئەم رەوەندە هاتوە، ئەمەش هەموو چاودێران و سیاسییەکان دانی پیادا دەنێن جگە لە راستڕەوە توندڕەوەکان نەبێت. سێهەمینیشیان ئەوەیە ئەم رەوەندە زۆرینەیان عەلمانین نەوەك توندڕەو و ئوسوڵی بە پێچەوانەی ئەوانەی کە لە ناوەوەی فەرەنسا و دەرەوەی فەرەنسادا گومانی دەبەن، بەنیسبەت ئەوانەشی کە ئامادەی نوێژەکانی هەینی دەبن بە بەراورد بە ژمارەی رەوەندەکە لە


www.pertwk.com

سەدا بیست نابن، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە وا گومان دەبەین کە هەموو موسڵمانانی فەرەنسا ئوسوڵین!

دیارە هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تەلەفزیۆنەکان لە کاتی هەواڵەکاندا گرنگی دەخەنە سەر وێنەی ئەو مزگەوتانەی کە پڕیەتی لەو ئیماندارانەی کە لەبەر جێگا نەبوەنەوەیان لە هۆڵەکانی نوێژکردندا تاوەکو شەقامەکانی دەرەوەی مزگەوتەکان ریزی نوێژکردنیان دابەستوە .. ئەمەش بەومانایە نایەت کە هەرکەس ئامادەی نوێژی هەینی بوو ئەوە ئوسولّی یان تیرۆریستە وەك چۆن راستڕەوە فەرەنسییەکان بانگەشەی بۆ دەکەن. بەڵام ئێمە لێرەدا مەبەستمان ئەوەیە کە ڕەوتە گشتییەکەی موسڵمانان لەگەڵ تازەگەریدا کارلێکیان کردوە و وەك هەموو مرۆڤانی دیکە داهاتوی خێزانەکان و منالّەکانیان دابینکردوە، جا بۆیە ئەو وتەیەی کە دەڵێت موسڵمانان لە تێکەلاّبون لەگەڵ کۆمەڵگای فەرەنسیدا یاخین وتەیەکە هەر لە بناغەوە هەڵەیە و واقیعی رۆژانە ئەوە بەدرۆ دەخاتەوە، تەنانەت مەسەلەی حیجابیش کە بەدرێژایی سالّی پێشوو هەرای نایەوە تایبەت بوو بە تەنها چەند سەد خوێندکارێکی کچەوە لە ئەسلّی سەدان هەزار! لەگەڵ ئەوەشدا وێنەی باو ئەوەیە کە زۆرینەی خوێندکارە کچە موسڵمانەکان حیجابن یان دەیانەوێت حیجاب ببەستن .. هەموو ئەمانەش بەهۆی ئەو بارودۆخە بارگاویکراوەیە کە لە ئەم لایەن یان ئەو لایەنەوە دروستدەکرێت، ئەو بارودۆخەی کە بەهۆی سیاقی

جیهانی دوای ڕوداوەکانی(11)ی سێپتەمبەر و (11) مارس و (7) ی یۆلۆی لەندەن و شەڕی دژە تیرۆر، ئەفغانستان و عێراق و ... ژەهراوی بوە. هەموو ئەم بارودۆخە ترسناکەش ڕەنگدانەوەی بەسەر هەمووان‌دا هەیە و یارمەتی بیرکردنەوەیەکی سەنگین و پتەو نادات، هەروەها مەسەلەکان بە شێوەیەکی راستەقینە ناخاتە ڕوو.

فەرەنسییە زیرەك و کراوەکان ( کە بۆ خۆشبەختی ژمارەیان زیاترە ) ئەوە دەزانن کە بوونی ڕەوەندی عەرەبی ئیسلامی شانسێکە بۆ فەرەنسا، بە قەدەر ئەوەی کە وڵاتێکی دیموکراسی و تازەی وەك فەرەنسا پێویستی بە شانس هەبێت، بەم جۆرە لێرەدا بەرژەوەندییەکی گۆڕدراوەوە هەیە لە کارلێکردنی ئیجابی و گفتۆگۆدا نەوەك لە دوژمنایەتی و ڕوبەڕوبوەنەوە و سوتانی ئۆتۆمبیل و کۆگاکاندا وەك ئەوەی ئێستا بە دەستی کەمینییەکی موشاغیب و تاوانبار کە زیان لە هەموو ڕەوەندەکە دەدات ڕوودەدات. بەڵام ڕەوەندی عەرەبی ڕەوەندێکی زوڵملێکراو و شوێنی ڕق لێبونەوەن، ئەمەش ڕۆشنبیرە فەرەنسییەکان خۆیان دانی پیادا دەنێن، ئەم ڕەوەندە لە (غیتوهات) و گەڕەکە تایبەتەکانیدا گیریان خواردوە: واتە لە (گەڕەکە ئیسلامەکان)دا ئەگەر بێت و ئەم دەستەواژەیە لە ناونیشانی کتێبە بەناوبانگەکەی (جیل کیبیل)ەوە وەربگرین. کە ئەمانەش کۆمەڵە گەڕەکێکی دراوسێی شارە گەورەکانی وەك پاریس ولیۆن و مەرسیلیا و... هتدین.

خەڵکی لێرەدا لە باڵەخانەی وەهادا ژیان بەسەر دەبەن کە هەندێ جار تەنها بۆ ئاژەڵ باشە، ئەمە جگە لەوەی کە بارودۆخی ژیانیان چەندە قورسیشە، هەر ئەمەش وەها دەکات گەنجەکانیان جگە لە بێ ئیشی و پەرتەوازەیی لەسەر شەقامەکان بە شەو و بە ڕۆژ هیچ هیوایەکی دیکەیان نەبێت. جا بۆیە لادانی ئەو گەنجانە و توشبوونیان بە مادەی بێهۆشکەر و دروستکردنی ئەو باندانەی کە خەڵکە فەرەنسییە ئەسڵییەکە یان عەرەبەکانیش دەترسێنن کارێکی ئیجبارییە تاڕادەیەك. دەبێ ئەوەش بزانین هەر خاوەن کارە فەرەنسییەکان بوون کە لە پەنجاکانی سەدەی پێشودا باوك یان باپیرەی ئەو گەنجە تورانەیان هێنا. ئەوان بە فرۆکەکانیان دەڕۆشتن بۆ ولاتانی مەغریب بۆ ئەوەی ئەو کۆمەڵە جوتیار و هەژارانە وەك دەستی کار بهێنن و بیانخەنە سەر کار، ئەمە لەلایەکەوە هەرزان بوون و لەلایەکی تریشەوە وەك کرێکاری فەرەنسی ناڕەزاییان دەرنەدەبڕی و مشتومڕییان نەدەکرد، دواتریش پاش ئەوەی خێزانەکانیشیان پەیوەندییان پێوەیانەوەکرد ژمارەیان زیادیکرد، هەروەها پاش ئەوەش کە کۆمەڵە پەنابەرەکان روویان لە فەرەنسا کرد لە کاتێکدا کە فەرەنسا لەو کاتدا پێشوازی زیاتری لەوان دەکرد.

هەر ئەمانە بوون کە بە ئارەقەی نێوچەوانیان پاش جەنگی جیهانی دووهەم فەرەنسای کاولبویان بنیاتنایەوە، ئەنجامیش بەو ئیعتیبارەی کە کێشەکانیان خۆی چارەسەر دەبێت لە چەند


www.pertwk.com

گەڕەکێکی تایبەتدا دایانبڕین ... ئیدی بەم جۆرە لە چواردەوری پاریس و شارەکانی تردا گەڕەکە هەژارە ئیسلامەکان پێکهات.

هەر ئەم کێشەیەشە کە ئێستا دەتەقێتەوە و تەڕ و وشك پێکەوە دەسوتێنیٚ، ئەمەش شتێکی چاوەڕوانکراو بوو کە رۆژێك لە ڕۆژان ڕوبدات، ئەوەی کە ئەمانە بزانێت سەری سوڕنامێنێت.

زۆرینەی رۆشنبیرە فەرەنسییەکان جگە لە راستڕەوە توندڕەوە رەگەزپەرستەکان دان بەوەدا دەنێن کە بنەڕەتی کێشەکە ئابوری ومرۆڤانە و کۆمەڵایەتییە بەر لە هەموو شتێك، بۆیە پێویستە لەسەر فەرەنسییەکان کە (پلانی مارشاڵ) دابنێن بۆ ڕزگارکردنی ئەم گەڕەکە هەژارانە، بەڵام توێژە سیاسییە فەرەنسییەکە تاوەکو ئێستا لە بابەتەکە دەترسێت و هەوڵی پشتگوێخستن و رەتکردنەوەی تەرخانکردنی چەند ملیارێکی پێویست بۆ وەدیهێنانی دەدات. ئەوە دەڵێین لە کاتێکدا فەرەنسا یەکێکە لە وڵاتە هەرە دەوڵەمەندەکانی جیهان و لە دوای ئەمەریکا و ژاپۆن و ئەڵمانیا وە بە چوارەم هێزی ئابوری دێت، هەمووان لێرە دان بەوەدا دەنێن کە ئەم وڵاتە دەتوانێت سەد ملیۆن کەس بژێنێت بەلایەنی کەمەوە چ جای شەست ملیۆن(ژمارەی دانیشتوانی ئێستای). بەڵام سەرمایەداری هەر سەرمایەدارییە: کە تێر نابێت و لە خوێنی کرێکار و هەژارەکان تێر ناخوات، ئەوەشی کە ئەم وتانە دەنووسێت نە شیوعییە و نە مارکسی. ئایا ئەوە دەزانین کە مووچەی خاوەن کارەکان

زۆرجار مانگانە لە بلیۆن دۆلار تێدەپەڕیَ! کرێکارەکانیشیان لە کارگەکاندا مووچەکانیان لە دوو هەزار دۆلار تێناپەڕێت .. خودا لە (هێنری فۆرد)ی سەرمایەداری ئەمریکی و بەڕێوەبەری کارگەکانی فۆرد ئۆتۆمبیل خۆش بێت، لە کاتێکدا کە سەرمایەداری خاوەن هەندێك شەرم و بنەمای ئەخلاقی بوو دەیوت: نابێت مووچەی بەرێوەبەری کۆمپانیایەك لە بیست و پێنج جار زیاتری کرێکارێکی لای خۆی زیاتر بێت، بە مانای ئەگەر مووچەی کرێکارێك یەك دۆلار بێت ئەوا نابێت موچەی (هێنری فۆرد) لە بیستوپێنج دۆلاری مانگانە زیاتر بێت، چونکە ئەمە بەشی خۆی و خێزانەکەشی دەکات و زیادەشە. بەڵام ئێستا مووچەی سەرمایەدارێك زیاترە لە هەزار جار یان دوو هەزار جاری مووچەی کرێکارەکەی نەوەك بیستو پێنج جار بە تەنها! لێرەشەوەیە گریَ گەورەکە و نەخۆشییە کوشندەکەی کۆمەڵگای سەرمایەداری تازە ئەو کۆمەڵگایەی کە هەموو هەستێکی ئینسانی و خورتەیەکی ئەخلاقی لە دەست داوە. کە وابیَ ئایا ئێمە پێویستمان بە شۆڕشێکی تازەی فەرەنسی هەیە نەوەك لەسەر ئاستی فەرەنسا بە تەنها بەڵکو لەسەر ئاستی هەموو رۆژئاوادا وەك چۆن بیرمەندی سویسری (جان زیگلیر) وەها دەڵێت، لەوانەیە، بە هەرحاڵ ئەو ئەرستۆکراتیە بانکییەی کە ئێستا لە ڕێگای بانکی نێودەوڵەتی و سندوقی نەختەینەیی نێودەوڵەتی و کۆمپانیا گەورەکانەوە بەسەر جیهاندا زاڵە، هیچ مەترسییەکی کەمتر نییە لەو توێژە ئەرستۆکراتیەی کە لە


www.pertwk.com

سەردەمی کۆندا لە فەرەنسادا زاڵ بوو، ئابەم جۆرە هەرکە ڕزگارمان دەبێت لە توێژێکی تێرنەبووی ئیستغلالکەر کە خوێنی گەل دەمژێ توێژێکی تازەی دیکە پەیدا دەبێت، هەر ئەمەش کە زانای کۆمەڵناسی بەناوبانگ (پییەر بۆردیۆ) ئاگادارمان دەکاتەوە کاتێك کە دەبینێت نەوەی خێزانە بورژوازییە فەرەنسییەکان دەستیان گرتوە بەسەر کلیلەکانی دەسەلآت و ئابورییدا.

بەم جۆرە ئەو دروشمانەی کە شۆڕشی فەرەنسی بەرزیکردبونەوە لە هەموو ناوەڕۆکێکی خۆی خاڵی بۆەتەوە، جگە لەناو، نە یەکسانی و نەبرایەتی و نەدادگەری، نەماوەتەوە.

***

## فەرەنسا.. بومەلەرزەی دەستور و گەڕان بە داوی سەرۆکێکی شاعیردا

ئەمڕۆژانە فەرەنسییەکان نائارامن، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو راپرسییەی کە بڕیار وەهایە لە (29) ی ئەم مانگەدا لەسەر دەستوری ئەوروپی ئەنجامبدرێت، کە ئەمەش بەپێی دواهەمین راوەرگرتن فەرەنسییەکان رەتی دەکەنەوە و ئەنجامێکی باشی نابێت. ئەمەش شتێکی ترسناکە نەك هەر بە تەنها بەنیسبەت چەپی ئیشتراکیی پشتگیریکەر لە دەستور بەڵکو بەنیسبەت راستڕەوە دیگوللییە حاکمەکانیشەوە بە سەرۆك (شیراك) یشەوە، چونکە ناوبانگی فەرەنسا لەمەحەك دایە.

ئەگەر بێت و دەستورەکە رەت بکەنەوە ئەوا دەبێتە هۆی کێشەیەکی گەورە لە هەموو ئەوروپادا، چونکە فەرەنسا و دواتریش ئەڵمانیا لە وڵاتە دامەزرێنەرەکانی یەکیەتی ئەوروپان بەر لە نیو سەدە پێش ئێستا. ئیدی چۆن دەتوانیٚ کە دەستورەکەی ڕەتبکاتەوە و کاروانی ئەوروپا روەو یەکگرتوی و کرانەوەی زیاتر بوەستێنێت !؟ چۆن دەتوانیٚ کە دژ بە گەورەترین پرۆژەی سیاسی لەسەردەمی تازەدا بوەستێتەوە ؟

بە تەنها بیرکرنەوە لەم ئەگەرە هەر بۆیە (شیراك) راستەوخۆ هاتە سەر تەلەفزیون و لە بەرنامەیەکی درێژدا بەرگری لە دەستورەکە کرد و داوای لە فەرەنسییەکانیش کرد کە تەبەنی بکەن و دەنگی بۆ بدەن، هەروەها ناچاریش بوو کە هێرش بکاتە سەر تورکیا بۆ ئەوەی کە راپرسییەکەی ئەو بۆ وەرگرتنی لە یەکیەتی ئەوروپادا لەم راپرسییە جیا بکاتەوە و وتیشی کە ئەو دوانە هیچ پەیوەندییەکیان بە یەکەوە نییە، دوو مەسەلەی لە


www.pertwk.com

یەکدی جیاوازیشن، بە هەرحاڵ، بەهاکانی تورکیا جیاوازن لە بەهاکانی ئێمە جا بۆیە پێناچێت تا (15) یان (20)ساڵی دیکەش وەربگیرێت، ئەمە ئەگەر وەربگیرێت.

هەروەها ئەوانەشی بۆ وەدینایەت ئەگەر زیاتر پێش نەکەوێت و دورنەکەوێتەوە لە بەها ئوسوڵییەکان زیاتر لەوەی ئێستا و نزیکتر نەبێتەوە لە بەهاکانی عەلمانی و شارستانییەتی ئەوروپی. بەڵام پێدەچێت کە بە تەنها ئەم بەرنامە تەلەفزیونییە بەس نەبێت بۆ قەناعەت پێکردنی فەرەنسییەکان، هەربۆیە سەرۆك (شیراك) لە بیری ئەوەدا بوو کە بە ڕێگایەکی دیکە و لە ڕێی جوڵاندنی ویژدانی فەرەنسییەکانەوە کاری خۆی بکات، بۆیە بەڵێنی ئەوەی دا کە سەرۆکی حکومەتی ئێستا (جان بییر رافارن) دوای هەڵبژاردنەکان بگورێت، چونکە کەسێکی جەماوەری نییە بە هیچ شێوەیەك، هەروەها سیاسەتەکانی لە بواری کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری و چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکانی وڵاتدا توشی نشوستی هاتوە. ئەوەشی کە (شیراك) لێی دەترسێت ئەوەیە کە فەرنسییەکان لە ڕێگەی دەنگدانیان دژ بە دەستوری ئەوروپی تۆڵەی خۆیانی لێبکەنەوە. بەم جۆرەش حیساباتە ناوخۆییەکانی خۆیان بە کێشەیەکی دەرەکی کە هیچ پەیوەندییەکی بە (ئەو) وە نییە یەکلایی بکەنەوە و یەککگرتوی ئەوروپاش قوربانی کێشە ناوخۆییەکانی فەرەنسا بکرێت.

لەم ساتانەشدا لەسەر شانۆی سیاسی فەرنسی تارمایی (دومینیك دو فیلیبان) ی وەزیری ناوخۆی ئێستا و بەو سیفەتەی کە جێگرەوەی چاوەڕوانکراوەی (جان بییر رافان) ە وە دیاردەکەوێت.

(دوفیلیبان) ی وەزیر ئەو کاتە و بۆ یەکەمجار لەسەر شانۆی نێودەوڵەتی وەدیارکەوت کە لە ئەنجومەنی ئاسایش وتارە بەناوبانگەکەی دژ بە شەڕی عێراق خوێندەوە و روبەرووی (کۆڵن پاوڵ) ی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا وەستا. بەڵام (دۆڤیلیپان) زۆر زیاتر لەوەشە: ئەو شاعیر و فەیلەسوفیشە. من پێشتر کتێبە گەورەکەیم ( ئاگر دزەکان) واتە شاعیرەکان، هەر لەم لاپەرانەی (شەرق ئەلئەوسەت) دا خستە ڕوو.

وەرگێرانە عەرەبییەکەی ئەم کتێبەش بەم دواییانە بە قەڵەمی شاعیری گەورە (ئەدۆنیس) وەرگێردراوە و ئەم کتێبەش، بە لەزەتەو بەڵگەی شارەزاییەکی گەورەیە لەسەر گەورە شاعیرانی فەرەنسا و جیهانیش. ئەو فرسەتەشم بۆ هەڵکەوتوە کە بە هاوکاری هاورێم (د. محمد مخلوف) دواین کتێبی وەربگێڕم، کە کتێبێکە خاوەن خاسیەتی فەلسەفی – سیاسییە بە پلەی یەکەم، هەر چەندیش خاڵی نییە بەچەند هەناسەیەکی شیعری لە هەندێ جاردا. کاتێکیش کە ئیشم تیادا دەکرد توشی سەرسوڕمان هاتم لەو ئاگاییەی کە جەنابی وەزیر هەیەتی لەسەر دواین گفتوگۆ فەلسەفییە بەربڵاوەکانی نێوان ئەوروپی و ئەمریکییەکان (سی) ساڵ بەر لە ئێستا. گرنگترینی ئەوانەش بە

دڵنیاییەوە ئەوانەیە کە دەربارەی شارستانییەتی رۆژئاوای کراون: وە دەربارەی بە گەردوون بوونی و بە پیچەوانەشەوە: وە بۆ چی تاوەکو ئیستا نەیتوانیوە بە سەر هەموو گەلانی سەرزەویدا بچەسپێت. هەروەها کتیبەکە بە شێوەیەکی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ مەسەلەی فەلسەفەی رۆشنگەری و ئەو گفتوگۆ گەرم و گوڕانەی کە دەربارەی عەقلانییەتی کانتی و لە سەروی هەموو ئەمانەشەوە ( هابر ماس ) و ناعەقلانییەتی نیچەییەکان و لە سەرو ئەمانەشەوە (فوکۆ و دیلوز و دریدا) و هەموو ئەو فەیلەسوفانەی دیکەش کە رەخنەی تازەگەرێتی رۆژئاوایان کردوە و کراون دەخاتە ڕوو.

ئەوەشی کە (دوفیلیبان) لەم کتێبەدا کە بڕیارە بەم نزیکانە چاپ بکرێت سورە لەسەری زەرورتی گفتوگۆی نێوان شارستانییەتەکانی جیهانی عەربی – ئیسلامی لەلایەك و جیهانی ئەوروپی – ئەمریکی یە لەلایەکی ترەوەیە. بە درێژایی کتێبەکەش باس لە زەرورەتی کرانەوە بە رووبەرووی ئەوانی دی و داننان و ڕێزگرتنی ناسنامە و تایبەتمەندێتی و ئەساڵەتەکەیدا دەکات بە مەرجێك ئەمانە نەبێت بە هۆی ئوسوڵیەتێکی تیرۆریستی توندڕەو. زۆر جاریش ئاماژە بۆ قەرزارباریێتی شارستانی ئەوروپی دەکات لە بەرانبەر شارستانی عەرەبی– ئیسلامیدا بە تایبەتی فەلسەفەکەی (ئیبن روشد) کە وەك ئاشکرایە لە بەهێزکردنی ڕۆشنگەری ئەوروپیدا بەشداریکرد.

***

# فەیلەسوفە رۆژئاواییەکان و بزوتنەوە ئوسوڵییە توندڕەوەکان

هەموو بیرمەندە گەورەکانی رۆژئاوا لە هەوڵی ئەوەدان کە لەوەبگەن و بزانن لە 11 ی ئەیلولی 2001 دا چی بەسەر ئەمریکادا هات، وە ئەوەی ڕویدا بۆچی ڕویدا؟ لە نێو هەموو ئەوانەدا کە سەرنجی منی ڕاکێشا دەنگی (فۆکۆ یاما) بوو، ئەم پیاوە کە چەند ساڵێك بەرلە ئێستا بە کتێبی (کۆتایی مێژوو) ناوبانگی پەیداکرد و هەڵایەکی گەورەی وەهای نایەوە کە گرنگی لەو هەڵایە کەمتر نەبوو کە (ساموئێل هانتیگتون) بە کتێبەکەی (ململانێی شارستانییەکان) نایەوە.

(فۆکۆ یاما) لە کتێبەکەیدا مەبەستی ئەوە نەبوە بڵێت روداوەکانی مێژوو دوای سەرکەوتنی رۆژئاوا لە شەڕی سارد و روخانی یەکیەتی سۆڤێتدا دەوەستیٚ، وەك چۆن هەندێك ساویلکە وەها تێگەشتبون، بەڵکو مەبەستی لەوە بوو کە رژێمی لیبراڵییەتی دیموکراتییەتی رۆژئاوایی چاکترین و کۆتایترین سیستەمێکی سیاسیە و هەموو ئەزموونی بەشەرییەت و پێگەشتنەکەی دوای هەزاران ساڵ لە ئەودا گەشتوتە دوا ترۆپکە.

ئەی ئایا کارەساتەکەی (11) ی ئەیلول هیچی لە فیکر و تێزەکەی (فۆکۆ یاما) گۆڕی؟ ئەم پیاوەی کە بە گرنگترین و بە نفوزترین ڕۆشنبیر لە ئەمریکادا دادەنرێت ئاوها وەڵام


www.pertwk.com

دەداتەوە: نەخێر، چونکە ئەو بڕوای وەهایە کە تازەگەری (وەك چۆن ئەمریکا و رژێمە دیموکراتیە پێشکەوتوەکانی ئەوروپای رۆژئاوا و ئەوانی دی نوێنەرایەتی دەکەن) هێزی سیاسی باڵادەستە لە جیهاندا و دەزگاکانیشی کە خۆی لە بەهاکانی ئازادی و یەکسانیدا بەرجەستە دەکات زیاتر و زیاتر لەسەر زەویدا بڵاو دەبێتەوە. جا بۆیە داهاتو داهاتوی نەموزەجی دیموکراتییەتی رۆژئاواییە سەرەڕای (11) ی ئەیلولیش، ئەو هێزانەشی کە تاوانەکەیان ئەنجامداوە جگە لە چەند هێزێکی نائومێد و کۆنەخواز کەشکستیان هێناوە لەوەی سواری شەمەندەفەری خێرای تازەگەری ببن هیچی دیکە نین. بە هەموو ئاسانییەك ئەوانە هێزگەلێکن دژ بە جیهانی تازە، هەر بۆیە ئەمڕۆ یان سبەی لەناودەچن. بەڵام (فۆکو یاما) دان بەوەشدا دەنێت کە کێشەکە هەروا بەو ئاسانییە نییە و لە ماوەیەکی کورتیشدا چارەسەر ناکرێت، چونکە روبەڕوبونەوەی ئوسوڵییەت زۆر توندتر و مەترسیدارترە لە روبەڕوبونەوەی شیوعییەت کە بەدرێژایی (50)ساڵی شەڕی سارد رۆژئاوای بەخۆیەوە خەریك کردبوو. ئەمە بە مانای ئەوەش نایەت کە ململانێ لەگەڵ (بن لادن) و (کۆمەڵەکەیدا) پەنجا ساڵ دەخایەنێت! بەڵکو کێشەکە زیاد لەوەی کە ئێمە بۆ یەکەمجار لێی دەڕوانین ڕەگێکی قوڵی هەیە. بە بۆچوونی ئەو کێشەکە بە تەنها ئەو کۆمەڵانە نییە کە راستەوخۆ لە کارە تیرۆریستەکان و تەقینەوەکاندا بەشدارن، بەڵکو لە قەبارەی ئەو رەوتەشدایە کە

هاوسۆز و لایەنگری ئەوانە، ئەو رەوتەیە کە ( فۆکو یاما) ناوی لێ دەنێت (رادیکاڵیەتی ئیسلامی). ریژەی ئەمانەش لە جیهانی ئیسلامیدا لە (1٪) یان تەنانەت لە (15 ٪) یە. ئەمە مانای وەهایە ئەگەر جیهانی ئیسلامی (ملیارێك کەس یان زیاتر بێت) ئەوا ژمارەی ئەوانەی کە هاوسۆزیان بۆ رەوتی ڕادیکالییەت هەیە نزیکەی(1 یان 15 ) ملیون کەس دەبێت، کە ئەمەش ژمارەیەکی کەم نییە و دەتوانێت بەردەوام و بۆ ماوەیەکی درێژ تۆڕە توندڕەوەکان بە خوێنی تازە دەوڵەمەند بکات.

جا بەم مانایە بێت ئەوا کێشەکە بەنیسبەت رۆژئاواییەکانەوە ئاسان نییە و ناتوانێت وەك چۆن چاوەڕوانی دەکات بە ئاسانی چارسەری بکات. بەم شێوەیە ئەو ململانێیەی کە ئێستا لە ئارادایە بە تەنها دژ بە تیرۆر نییە بە هەموو مانای وشەکە، هەروەها دژ بە ئیسلامیش نییە وەك دینێکی رۆحانی و خاوەن شارستانییەتێکی دێرین، بەڵکو دژ بەو رەوتە ئوسوڵییە دەمارگیرییەیە کە رەفزی هەموو جۆرە خوێندنەوەیەکی تازەگەر و عەقڵانی دەکات بۆ دین و ئەوانەشی کە موسڵمان نین بە کافریان دەداتە قەڵەم و پێویستیشە شوێنی ڕق لێبونەوە بن، تەنانەت بشکوژرێن ..! هەروەك چۆن هەموو ئەو بەهایانەش رەتدەکاتەوە کە شارستانییەتی ئەوروپی و جیهانی تازەیان لەسەر دروستبووە وەك: دیموکراتیەت و مافی مرۆڤ و دەسەڵاتی یاسا و ئەو گەشەسەندنە ئابورییەی بەهۆی بازاڕی ئازادەوە هاتۆتە ئاراوە.


www.pertwk.com

بەپێی بۆچوونی (فوکۆ یاما) ئەم بەهایانە لەوە دەرچوە بە تەنها تایبەت بێت بە رۆژئاواییەکان و ئێستا بەها گەلێکی کەونین. چونکە هەموو نەتەوەکان هێدی هێدی تەبەنی دەکەن، تەنانەت ئەو نەتەوانەشی کە پێشتر شیوعییەت تیایاندا باڵادەست بوە و بە هەموو شێوەیەك بە بیانوی ئەوەی کە سەرمایەداری و ئیمپریالیەتە ڕەفزیان کردۆتەوە. چاکترین نمونەش بۆ ئەوە (ڕوسیا و چین) و وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات و ناوەراستە، ئەمە جگە لە دەوڵەتانی ئەمریکای لاتین و ئەرجەنتین و بەرازیل. جیهان هەر هەمووی بە شێوەیەك لە شێوەکان و بە ئاوازی جیاواز هەنگاو رووەو دیموکراسیبوون دەنێت. ئەوە بە تەنها جیهانی ئیسلامییە (بە جیاوازییەکەی کەم و بەدەر لەتورکیا) تاوەکو ئێستاش لەم بەها کەونیانە یاخییە. ئەو پرسیارەش کە لێرەدا دەکرێت ئەوەیە (بۆچی...؟) بە بڕوای (فۆکۆیاما) هۆکارەکە وەك ڕۆژی ڕووناك ئاشکرایە، هەتاوەکو سیاسەت جیانەکرابێتەوە لە لاهوتی تەقلیدی (القروسگی) و پیاوە ئاینییەکان، ئەوا هیچ ئاشتەوانییەکی مەدەنی ناتوانرێت لە کۆمەڵگادا دروست بێت، چونکە بەزەرورەت و لە هەموو کۆمەڵگایدا دینگەلێگی جیاواز و مەزهەبگەلی جیاواز هەیە، هەربۆیەشە ناتوانرێت هیچ یەکسانییەکی سیاسی لە نێوان هاوڵاتیاندا دروست ببێت ئەگەر نەتوانرێت هیچ عەقیدەیەك بەسەر ئەوانی دیدا فەرز نەکرێت و وەها سەیری دین و دەوڵەت نەکرێت کە یەکەمیان هی خودایە و

دوەمیشیان هی هەمووان. بەڵگەش بۆ ئەمە ئەزمونی ئەوروپایە کە لەسەدەی (16) و (17) توشی چەندان شەڕی ناوخۆ و تائیفی کوشندە بویەوە، وە بەرلەوەی لەوە بگەن کە تەنها چارەسەر جیاکردنەوەی کەنیسەیە لە دەوڵەت. ئەوکاتیش پیاوانی دین خۆیان تەرخان دەکەن بۆ کاروبارە ڕۆحی و دینییەکان و پیاوە سیاسیەکانیش بۆ کاروباری سیاسەت و دنیا، بەمەش هەمووان براوەن.

لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەتانی عەلمانی و دیموکراتییە تازەگەرەکان لە هەناوی ئەو ململانێ خوێناوییەوە دروستبوە کە لە نێوان هەردوو مەزهەبی سەرەکی لە ئەوروپای رۆژئاوادا هەبووە: واتە مەزهەبی کاسۆلیکی و مەزهەبی پرۆتستانتی بەڵێ، دەوڵەتی مۆدێرن لەسەر پاشماوەکانی دەوڵەتی مەزهەبی و تائیفی کۆن دروستبوە. هاوشان لەگەڵ ئەوەشدا فەلسەفەیەکی مرۆڤپەروەری تازە و رۆشنگەرییەکی فیکری و لێبوردەیی دینی و نەکوشتنی کەس لەسەر ناسنامەی جیاواز دروستبوو. دوای ئەوانەش ئاشتەوانی مەدەنیش گەڕایەوە بۆ کۆمەڵگا و سەرەڕای جیاوازی مەزهەبەکانیان یان دینەکانیان یان عەقیدەکانیان. لە ئەڵمانیا بۆ نمونە، کە تاڕادەیەك لە دوو بەشی سەرەکی پێك دێت، بەشێکی پرۆتستانتی و بەشێکی کاسۆلیکی (ڕێژەیەکی هەندێك زیاتر یش بۆ پرۆتستانتیەکان دوای یەکگرتنەکە) نەیتوانی لە کێشەی و ململانێ تائیفییە کوشندەکەی ڕزگاری بێت تاوەکو ئەوکاتەی تەفسیرێکی

عەقلانی بۆ دین و جیاکردنەوەی هاوڵاتیبونی سیاسی لە ئینتیمای مەزهەبی و تائیفی ئەنجامدا.

هەموو ئەو دەوڵەتانەی دیکەش کە بەرەوپێشەوە چوون یان پێشکەوتون هەمان کاریان ئەنجامداوە، ئەمەش بە مانای سڕینەوەی دین نییە وەك چۆن زۆرینەی خەڵکی لە جیهانی ئیسلامیدا ئاوها گومان دەکەن بەهۆی ئەو تێگەشتنە هەڵەی کە هەیانە بۆ رژێمی عەلمانی تازە و تێکەڵاویان کردوە لەگەڵ ئیلحاد یان کافربوندا! هەرئەمەش هەڵەی دوای هەڵەیە. ئازادی پەرستن و تقوس و شەعائیرەکان لە هیچ وڵاتێکی جیهاندا بە قەدەر وڵاتانی عەلمانی پێشکەوتنخواز پارێزراو نییە. بەڵام لەوێ بۆ هەموو دینەکان وەك یەك وەهایە نەوەك بۆ دینێك بە تەنها، هەروەك بۆ مەزهەبەکانیش نەوەك یەك مەزهەب بە تەنها. لەگەڵ ئەوەشدا پاراستن و ئازادی ئەوانەش کە هیچ تقوسێك یان شەعائیرێکیان نییە و جگە لە مەزهەبی عەقڵ و فەلسەفە باوەڕ بە هیچی دی ناکەن، پارێزراوە. ئەوانیش وەك خەڵکانی دی هەموویان یاسا دەیانگرێتەوە و هەمان ماف و ئەرکیشیان لەسەرە کە ئەوانی دی لەسەریانە، بە تایبەتیش کە ئەمان زۆرینەن لە هەموو ئەورووپادا.

ئەم تێگەیشتنە تازەگەر و ئازادە بۆ دین کە ئوسوڵییە توندڕەوەکان دژی دەوەستن و بە هەموو شێوەیەك ڕەفزی دەکەنەوە، یەکێکە لەو هۆکارە سەرەکیانەی کە شەڕیان دژی شارستانییەتی تازە راگەیاندوە. جا بۆیە ئەو شەڕانەی لەناو


www.pertwk.com

جیهانی ئیسلامی و دەرەوەیدا لە چەند ساڵی رابوردودا روودەدەن لەسەر خودی ئەو زەمینەیەی سەرەوە روودەدەن. ئەمەش بە مانای ئەوە دێت ئایا مەرجی گەورەی ئەوەی لە ئێستادا روودەدات ئەمەیە: ئایا لە جیهانی ئیسلامیدا بە درێژایی ساڵانی داهاتو رەوتێکی لیبراڵی وەها دروست دەبێت کە بە شێوەیەکی تازە لە دین بگات، رەوتێك کە توانای پێکەوەژیانی هەبێت لەگەڵ تازەگەری کەونیدا لە بری پێداکێشانی راستەوخۆ و خوێناوی؟ ئەمەش ئەوپرسیارەیە کە ( فۆکو یاما) دەیخاتەڕوو. ئەو وەهای دەبینێت کە ڕەنگە ئێران یەکەمین وڵاتێکی پاڵێوراو بێت بۆ لەدایك بونی ئەم رەوتە، ئەویش بەهۆی ئەو ڕەفزکردنەوەی کە لای لاوانی ئێران هەیە دژ بە ئوسوڵییەت و دەمارگرژی ئاینی. وەك چۆن لەم ماوەیەدا بیستمان کە خوێندکارە خۆپیشاندەرەکانی زانکۆی تاران توانیویانە لە دژی باڵی موحافیزکارەکان حوکمی سێدارەدان بەسەر رۆشنبیری ئێرانی و مامۆستای زانکۆ (هاشم ئاغا جاری) هەڵبوەشێننەوە. پێشتر توندڕەوە تاریکپەرستەکان بە کافر بوون تاوانباریان کردبوو، کە ئەم تۆمەتەش تۆمەتێکی ترسناکە و سزاکەی مردنە وەك چۆن پێشتریش بیرمەندە ئەوروپیەکان لە سەردەمی دادگاکانی پشکنین دا روبەرووی دەبوونەوە، ئەو کاتەی هێشتا ئەوروپا ئوسوڵییەتێکی توندڕەوی جاهیل بوو.

جا بۆیە وەڵامدانەوەی ئەو بزوتنەوانە پێویستە ئەویش وەك وەڵامێك بۆ ئەو بێ ئەقڵیەتی و تاوانانەی کە بە درێژایی (30

ساڵە لە ناوەوە و دەرەوەدا ئەنجامی دەدەن. بەڵام (فۆکو یاما) بڕوای وەهایە سەرەڕای گرنگی ئەمە بەڵام هێشتا بەس نییە، چونکە ئایدۆلۆژیا هەڵەکان یان توندڕەوەکان بە تەنها لە ڕێگەی شەڕی فیکرەوە لەناو ناچن، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەزمونی بزوتنەوە فاشییەکانە لە ئەوروپادا. ئەم بزوتنەوانە کە بە چەك لەناو بران، هەیبەت و شەوقی خۆیانیان لای لایەنگرەکانی خۆیان پاراست تا ئەو کاتەی کە ئەمریکا بەشداری شەڕی جیهانی دووهەمی کرد و لەناوی بردن. ڕەنگە ئەمە چارەسەرێکی ڕاست بێت، بەڵام چارەسەری سەربازیش مەترسی خۆی هەیە. ئەو پێی باشە کە ڕۆژئاوا یارمەتی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی بدات بۆ چاککردنی بارودۆخە ئابورییەکانیان و کێشەی فەلەستین چارەسەر بکرێت و لەو وڵاتانەش گەڕێت کە خۆیان کێشەی ئوسوڵییەتی خۆیان چارەسەر بکەن. چونکە ئەو توانای هەیە کە ڕەوتێکی ئازادیخواز و مرۆڤدۆستانە دروست بکات وەك دژێك لە بەرانبەر ئەو ڕەوتە بەڵایەی کە لە سەرکەوتنی شۆڕشی خومەینییەوە بە سەرماندا زاڵە.

***


www.pertwk.com

## کۆمەڵکوژییەکەی لەندەن و فاشییەتی ئوسوڵییەت

بە هەڵەدا چووە ئەوەی کەوا گومان دەکات کارە تاونکارییەکانی پایتەختی یەکەمینی رۆشنگەری ئەورووپی و جیهانی (لەندەن) دواهەمین کاری تاوانکارییە. بە پێچەوانەوە، ئێمە هێشتا لە سەرەتای شەڕەکەداین، ئەو شەڕەی کە لە نێوان شارستانییەتی تازە و ئوسوڵییەتی سەدە تاریك و فاشییەکانی سەدەکانی ناوەراستدا هەڵگیرساوە.

بۆیە دەڵێم فاشییەت چونکە بە گوتار و بڵاوکراوە و شێوازی ئیشکردن و زمانە ناشیرینەکەیەوە، ئەو بزوتنەوە بەسەرچوانەم بیردەخاتەوە کە لە سییەکانی سەدەی رابوردودا ئەورووپا بە دەستییەوە دەیناڵاند. دواتریش شارستانییەتی لیبراڵییەتی دیموکراتی پاش هەوڵێکی گران و دوای روخانی هیتلەر و مۆسۆلینی بە سەریدا زاڵ دەبێت.

نەك هەرئەوەندەش بەڵکو ئەم توندڕەوییە ئیسلامییەی ئێستا بەلایەن منەوە مەترسی لە فاشییەت زۆرترە چونکە دەمامکی خوداپەرستی لە رووی خۆی ناوە. بۆ ئەوەش کە ئەم دەمامکە ترسناکە لابەرین و ئاشکرای بکەین کە بە ملیۆنان هاوڵاتی فریوداوە، ئێمەی ڕۆشنبیرانی عەرەب دەبێت لە ماوەی (20) یان (30) ساڵی داهاتودا هەوڵی خۆمان بخەینەگەڕ. مەسەلەکە زۆر ترسناکە، تەنانەت لەوەش ترسناکترە کە ئێمە


www.pertwk.com

گومانی دەبەین. چونکە مێژوییەکی قوڵی هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدان ساڵ بەر لە ئێستا، بە دیاریکراویش بۆ ئەو ساتەی کە پێمان نایە سەردەمی هەڵوەشانەوە و ئەو جەدەلیەت جوانەی کە لە نێوان عەقڵ و نەقڵ، ئەدەبیەتی فەلسەفە و دین دا هەبوو هەڵوەشێنرایەوە. بیرمەندان لەسەر ئەوە کۆکن کەوا ئەم ساتە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی (11) یان (12). ئەو ساتەی فەلسەفە دەمرێت و ئەوبیرە تاریك پەرستە لە دایك دەبێت کە ئەمڕۆ (بن لادن) و (زەرقاوی) دەیکەنە پاساو بۆ شەرعیەتدان بە تاوانەکانیان. مەبەستمە بڵێم لەو ساتەدا تێگەیشتنێکی تەنگ و دوژمنانە بۆ دینی ئیسلامی، بۆ عەقڵ و کرانەوە، بۆ لێکبوردەیی تا ئەوپەڕی سنوری خۆی، دروست دەبێت. ئەم تێگەیشتنەیە، یان راستر ئەم جەهلەیە، کە لەو کاتەوە بەردەوامە و درێژ بوەتەوە تا ئەمڕۆکە و ئێستاش بەسەرماندا زاڵە. تەنها سەیرکردنێکی چۆنێتی خوێندنی وانەی ئاین بەسە هەر لە خوێندگا سەرەتاییەکانەوە تاوەکو زانکۆکان، بە خوێندگا ناوەندی و ئامادەییەکانیشەوە، بۆ ئەوەی لە مەترسیەکە تێبگەین.

ئەم وانەیە تاوەکو ئێستاش کە سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکە بە هەمان نەفەسی گۆشە و دالانەکانی سەدەکانی ناوەراست دەخوێندرێ. بێ ئەوەی هیچ کرانەوەیەکی فیکری بۆ گەنجانی عەرەبی و موسڵمان تێدابێت، بەڵکو دوبارەکردنەوەیەکی هەمان ئەو وتانەیە کە بەردێژایی سەدان

ساڵ لە باپیرانەوە ماوەتەوە. تەنانەت کەلەپوری عەقڵانییەتی کۆنی ئیسلامیشی تیادا قەدەغەیە و ناخوێندرێ بە بیانوی ئەوەی کە لادەرە لە ئیسلام، واتە لەم تێگەیشتنە داخراو و دەمارگیرە: وەك کەلەپوری ئەو زانا و فەیلەسوف و ئەدیبە گەورانەی وەك (ئیبن عەرەبی و تەوحیدی و جاحز و ئەوانی دیکە...).

ئەمە لە کەلەپوری رۆشنگەری ئەوروپییش گەڕێ هەر لە (سپینوزا) و (ڤۆلتێر و ڕۆسۆ و کانت و دەیەهای دیکەوە) تاوەکو (هیگڵ) یش. هەموو شتێك قەدەغەیە جگە لە کۆمەڵە کەسێکی ناسراو نەبێت، بۆ (ئیبن روشد) و (ئیبن سینا) و (فارابی) یش ئەوا بەپێی ئەو تێگەیشتنەی سەرەوە پەنا دەگرمە بەر خودا. بەڵێ، رەگی ئەو دەمارگیرییە ئاینییەی کە ئەمڕۆ لە هەموو جیهانی ئیسلامی و تەنانەت لەلای جالییە ئسلامیەکانیش ئەوانەی کە لە رۆژئاوا نیشتەجێن، دەگەڕێتەوە بۆ حەوت سەد ساڵ یان هەشت سەد ساڵ بەر لە ئێستا، هۆیەکەشی هۆیەکی فیکری عەقائیدی لاهوتییە، بەرلەوەی هۆیەکی ئابوری یان سیاسی یان کێشەی فەلەستین و چیچان و عێراق و هەتا دوایی بێت ... ئەمە بێ ئەوەی بە مانای پشتگوێخستنی ئەم هۆکارانە بێت.

هەربۆیە ئەوانەی وەك توتی و لەسەر هەندێك کەناڵی فەزایی عەرەبی و لە لەندەندا بە تایبەتی ئەوە دوبارە دەکەنەوە کە گوایە (تۆنی بلێر) باجی هەڵەکانی خۆی دەدات لە عێراقدا

نیوەی ڕاستیەکە دەبینن و چاو لە نیوەکەی دیکەی دەپۆشن. نیوەکەی دیکەشی ئەو دەمارگیرییە ئاینی و حقدەیە کە دژی شارستانییەتی تازەیە، هەروەها ئەو ڕق لێبونەوەشە لە بچوکترین کەرامەتی مرۆڤایەتی. هەر ئەمەش هۆکاری سەرەکی تاوانەکەی لەندەنە. نیوەکەی دیکەشی یان سێ لەسەر چواری ڕاستیەکە ئەوەیە کە هیچ فیکرێکی ڕەخنەیی ئازاد لە هیچ کۆمەڵگایەکی عەرەبی و ئیسلامیدا نییە.

کەواتە کێشەکە کێشەیەکی زاتی ناوخۆییە، بەڵێ بەڕێزان، نەخۆشییەکی موزمینی ناوخۆیی هەیە و هیچ کەسێکیش جورئەتی ئەوە ناکات دەربارەی قسە بکات، جا بۆیە دەبینین بەردەوام لێپرسراوێتی دەخەنە ئەستۆی سیاسەتی دەرەوەی ئەم زلهێز یان ئەو زلهێز، بۆ ئەوەی ئەو نەخۆشییە ناوخۆییە بشارنەوە کە بەلایەنی کەمەوە هەشت سەدەیە هەناوی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی خواردوە: واتە لە سەردەمی هەرەس هێنانی شارستانییەتی عەرەبی ئیسلامی کلاسیکەوە. پێویست بوو لەسەر ئەوانەی کە باسیان لە تاوانەکەی لەندەن کرد لە سەرەتاوە ئیدانەیان بکردبایە، بەرلەوەی بیریان لەوە بکردایەتەوە بیانویان بۆ بهێنایەتەوە. بەڵام ئایا ئەوانەی کە بیری سەردەمی سەدام حسێن و بن لادن و زەرقاوی دەکەن بچوکترین ئەنگێزە (نەزعە)ی ئینسانی یان ئەمانەتی فیکریان تیادایە؟ ئەوە هەڵەیەکی ئابڕووبەرانەیە ئەگەر ئەوەیان لێ چاوەڕوان بکەین.


www.pertwk.com

با لێیان گەڕێین کە لەناو نەزانینی خۆیاندا رۆبچن چونکە رەوتی پێشکەوتنی مێژوو سەرەڕای هەموو شتێکیش هەڵیاندەلوشێ و فڕیاندەداتە زبڵدانەکانی خۆیەوە. خەڵکی بە دەیەها یان بە سەدەهایان لە شەقامەکانی لەندەن و میترۆکان و پاسەکانیدا لێ دەمرێت، هیچ جیاوازییەك ناکرێت لە نێوان سپی و رەش و موسڵمان و ئەوروپیدا، ئەوان قسە بە (تۆنی بلێر) دەڵێن کە یەکێکە لە سەرکردە گەورە و پێشکەوتوەکانی هەموو رۆژئاوا، ئەگەر گەورەترینیان نەبێت.

ئەو قسانە لەلایەن کێوە دەکرێت؟ لەلایەن ئەوانەوە دەکرێت کە بەیانی و ئێوارە خۆیان ناپارێزن لە گاڵتەکردن بە دیموکراسییەت و مافی مرۆڤ. ئەوانە لە خودی ئوسوڵییەکان زیاتر مایەی مەترسین، چونکە ئوسوڵییەکان بە ئاشکرا باسی ئەوە دەکەن کە دەیکەن یان ئەوە دەکەن کە باسی دەکەن. بەڵام ئەوانە کۆمەڵە کەسانێکی ساختەن و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە پەیوەندیان بە ئازادی و تازەگەرییەوە هەیە، تەنانەت بەیاننامەش دەنووسن لە پێناوی دیموکراتییەتدا. کە لەواقیعشدا ئەوانە توندترین دوژمنی دیموکراسین، چونکە بە نهێنی یان بە ئاشکرا هاوسۆزی خۆیان دەردەبڕن لەگەڵ ئەو فیکرە توندڕەوەدا کە هەموو ئەو پەتایەی دروستکردوە کە ئەمڕۆ دەیبینین. لەبەر ئەوەش کە ئەوانە هیچ دوو دڵ نین لە باسکردنی پاڵەوانێتیەکانی (شێخ ئوسامە بن لادن) و کارە چاکەکانی .. کەواتە ئەوە ئەوانن کە مایەی مەترسین بۆ سەر


www.pertwk.com

داهاتوی ئازادی و دیموکراتی و نەزعەی ئینسانییەت لە جیهانی عەرەبیدا. جا بۆیە ئێستا کاتی ئەوەیە کە راستییەکان بخەینە روو بەوەی دەمامکەکانیان لەسەر لابەرین.

بەڵێ ئێستا کاتی جیاکردنەوەیە لە گۆڕەپانی ڕۆشنبیری عەرەبیدا، پێویستە بزانین کێ لە قوڵایی دڵیەوە ئیدانەی (تاوانەکەی لەندەن) یان هاوشێوەکانی دەکات، کێی تریش بە زمان ئیدانەی دەکات و لە قوڵاییەکانی دڵیەوە پێی خۆشە. پێویستە ئەوە بزانین کێ دژی ئوسوڵییەتی سیاسی ئێستایە کە بەرگی دینی کردۆتە بەری و کێش دژی ئەمەیە. پێویستە ئەوەش بزانین کێ لەگەڵ بزوتنەوەی رۆشنگەری بەرفراوانی گەلانی عەرەبی و ئیسلامییە و کێش دژی ئەمەیە. کێ لەگەڵ رەخنەکردنی مێژویی ڕادیکاڵەییەتی عەقائیدە ئوسوڵییە رادیکاڵیەکاندایەو کێش دژی ئەمەیە.

پێم خۆشە کاتێك باس لەوانە دەکەم ئەو فرسەتە بقۆزمەوە بۆ ئەوەی ستایشی ئەو کتێبە جوانە کەم کە بەم دواییە لە پایتەختی فەرەنسا بڵاوکرایەوە و هی لێکۆڵەرەوەی تونسی (محمد شریف فرجانی) یە. کتێبەکە ناوی (السیاسی والدینی فی الساحە الاسلامیە) یە. ئەوە کتێبێکی بەهادارە، ماوەیەکی زۆرە من چاوەڕوانی دەرچونی دەکەم، سەرەڕای ئەوەی کەناوی نوسەرەکەیم بەم دواییە بیست، جا بۆیە سڵاو لە هەموو رۆشنگەرەکانی عەرەب لە هەر کوێیەك هەن.


www.pertwk.com

***


www.pertwk.com

## کامیکازی ژیان، دژی کامیکازی مردن

وا دەردەکەوێت کە پەتای ئوسوڵییەت و دەمارگیری و توندڕەوی لە ئایندا ئێستا لە جیهانی ئیسلامی و عەرەبیدا لە زیاد بووندایە، تەنانەت گەشتۆتە ئەو جالیە ئیسلامیانەش کە ماوەیەکی زۆرە لە رۆژئاوا نیشتەجێن. ئەگەر ئەو هەواڵە راست بێت کە خێزانە پاکستانییە ئارامەکان ئەو تاوانبارانەیان بەرهەم هێنابێت کە تەقینەوەکانی لەندەنیان ئەنجامداوە ئەوا هیچ کەسێك لەم نەخۆشییە قورسە سەلامەت نییە. جا بۆیە پێویستە کە زەنگی مەترسی لێبدەین و کارێك بکەین بۆ روبەڕوبونەوەی ئەم بابەتە کە ئیدی ناتوانرێت تەحەمول بکرێت. تەنها کاریش کە ئەمڕۆ دەتوانن ئەنجامی بدەین ئەوەیە کە فیکرێکی تازە لە ئیسلامەوە دروست بکەین جگە لەو فیکرەی کە ئێستا بڵاوە. مەبەستم فیکرێکی کراوە، لێبوردە، عەقڵانییە.

بەڵێ، تەفسیرکرنێکی تازە بۆ عەقیدەی ئیسلامی دەڕواتە ململانێیەکی گرانەوە لەگەڵ ئەو تەفسیرە چەقبەستوە رەگ داکوتاوەی کە ئوسوڵییەکان لە کردنی تاونەکانیاندا پشتی پێدەبەستن. ئەوە ئەو تەفسیرەیە کە شەرعیەتێکی ئاینی و پاراستنێکی دەرونیان دەداتێ، گەرنا ئەوانە نەیاندەتوانی ئەو هەموو تاوانە دژ بە هاوڵاتی ئاسایی و بێ تاوانەکان ئەنجام بدەن و پشتی پێ ببەستن. جا بۆیە مەسەلەکە بەرلەوەی


www.pertwk.com

سیاسی بێت فیکرییە، وەئەگەر لە رووی فیکریشەوە یەکلایی نەکرێتەوە ئەوا هیچ رۆژێك لە رووی سیاسیشەوە یەکلایی ناکرێتەوە. هەر ئەمەشە هەموو ڕۆشنبیرە عەرەبەکان یان دەتوانین بڵێین زۆربەیان بە درێژایی ساڵانی پێشو پشتگوێیان خستوە.

پێم خۆشە لێرەدا چیرۆکی فەیلەسوفی فەرەنسی (ڤۆلتێر) باس بکەم کە هەموو ژیانی خۆی لە پێناوی دژایەتی کردنی دەمارگیری مەسیحیەت و توندڕەوەکانی لە کاتی خۆیدا تەرخانکرد و رێگای بۆ رۆشنگەری ئەوروپی خۆشکرد. زیاد لە جارێکیش ژیانی خۆی لە پێناوی ئەم ئەرکە گەورەیەدا خستە مەترسیەوە ئەو ئەرکەی کە چارەنوسی شارستانییەتی ئەوروپی لەسەر وەستابوو. ئایا لەوەدا نمونەی باڵای ئەو کێ بوو؟ ئەوە شاری لەندەن و فەیلەسوف و زاناکانی بوو. بەڵی، ئەو لەندەنەی کە ئێستا شیفای ئازارەکانی خۆی دەکات بە هەموو کەرامەت و شەرەف و سەربەرزییەکەوە ڤۆلتێری بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1726 دا لە خۆی گرت پاش ئەوەی لە دەستی فەرەنسای (لویسی پازدەهەم) ی ئوسوڵییەت و سەرکوتکەرەوە بۆ ماوەی چەند مانگێك لە زیندانی (باستێل) زیندانی دەکرێت هەڵدێت و روودەکاتە ئەوێ. لەندەنیش بە لێبوردەیی و ئازادی و گفتوگۆکان و دیموکراتییەتی خۆیەوە پێشوازی لێکرد. بەڵێ، لەو کاتەوە لەندەنی بریندار ئێستا یەکەمین تاقیگەی

شارستانییەت و رۆشنگەری بوە لە جیهاندا. هەربۆیە دەوترێت کە ئینگلتەرا کۆنترین دیموکراتییەتی جیهانە.

تاوەکو دوای سێ ساڵ ئەویێ جێنەهێشت، کاتێکیش جێیهێشت بە فەلسەفەی جون لوك و زانیارییەکانی ئیسحاق نیوتن پڕ بووبوو، کاتێکیش گەڕایەوە فەرەنسا لە هەناویدا تورەییەکی بلیمەتانە قوڵپی دەدا، مەبەستم لە تورەبونییەتی لە بارودۆخی فەرەنسا، هەربۆیە کتێبە بە ناوبانگەکەی خۆی دەنوسێت "نامە ئینگلیزییەکان" کە دواتر دەبێتە "نامە فەلسەفیەکان".

لەو کتێبەدا بەراوردێکی روهەڵماڵراوی نێوان ئینگلتەرای پێشکەوتوو بارودۆخی وڵاتە دواکەوتوەکەی خۆی دەکات و تورەبوونی خۆی دەڕژێنێت بەسەر فەرەنسا و فەرەنسییەکاندا چونکە ئەوان لە رێڕەوی عەقڵ و لێبوردەیی ئاینی لایانداوە. بە جۆرێك لە فەرەنسادا تەنها یەك ئاین یان یەك مەزهەب کە ئەویش مەزهەبی کاسۆلیکی پاپای رۆمانی هەیە و جگە لە ئەوانە هەموو ئاینێ یان مەزهەبێکی دیکە قەدەغەیە. ئەمە لە کاتێکدا کە هەموو ئاین و مەزهەبەکان لە ئینگلتەرادا لە ئاشتییەکی بەردەوامدا دەژین. هەروەها هیچ کەسێکیش ناکوژرێت لەبەر ئەوەی باوەڕی بە ئاینێك یان مەزهەبێکی جیاوازی دیکە هەیە. تەنانەت ئەو عەقڵانیانەشی کە باوەڕیان بە تقوس و دروشمە ئاینییەکان نییە بێ هیچ ئازاردانێك لە وڵاتی

شکسپیردا ژیان بەسەر دەبەن. هەر بۆیە چیرۆکی لێبوردەیی ئاینی ئینگلیزی کۆنە و تازە نییە.

ڤۆلتێر بەردەوام دەبێت و دەڵێت: لە فەرەنسادا دەسەڵاتێکی موتڵەقی سەرکوتکەر و چینێکی دەوڵەمەندی ئەرستۆکراتی لە خۆبایی و بێکار باڵادەستە. هەروەها بازرگانەکان شوێنی رقن و جوتیارەکانیش بە دەست ئەو باجانەوە دەناڵێنن کە لەلایەن ئەرستۆکراتەکانەوە بەسەریاندا سەپاوە. بەڵام لە ئینگلتەرادا دەسەڵاتی پەرلەمانێك دەبینین کە پاش شۆڕشی 1666 ی بەناوبانگ کە دەبێتە هۆی لەناوبردنی سەرکوتکردن باڵادەستە. هەروەها بازرگانەکان رێزلێگیراون و جوتیارەکان دەوڵەمەندن و شانازی بە بارودۆخی خۆیانەوە دەکەن. لە فەرەنسادا خەڵکی دەبینین کە نوقمی مشتومڕە لاهوتییە قوڵەکانی لە جۆری وەك: ئایا ئەمە حەڵاڵە یان حەرام، پیسە یان پاك، باوەڕدارە یان بێ باوەڕ و هەتا دوایین . . . بەڵام لە ئینگلتەرا ئەو مشتومڕە فەلسەفیانە دەبینین کە لەسەر ریبازی (فرانسیس بەیکۆن) و مەنهەجیەتە تەجروبیەکەین کە لە زانستدا ئەنجام دەدرێ، یان لەسەر رێبازی مەنتیقییە هەستپێکراوەکەی جۆن لۆك نەوەك تەجرید و نامیتافیزیکیەکەی. یان رێبازی نیوتن، ئەو بلیمەتە گەورەیەی کە یاسای جیهانی بۆ تەفسیر کردین و ئینگلیزەکانیش شانازیان پێوە دەکرد.

هەر بەمشێوەیە ڤۆلتێر لە هێرشکردنە سەر فەرەنسییەکان و بە پیرۆز راگرتنی ئینگلیزەکان بەردەوام دەبێت. بە دڵنیایشەوە



www.pertwk.com

بەر لە بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبەی هەموو ئامادەکارییەکی خۆی وەرگرتبوو (ئەو فەزیحەیەی کە وەك بۆمبێکی تەوقیتکراو وابوو لەو کاتەدا). هەربۆیە بێ هیچ ناوێك بڵاوی دەکاتەوە و خۆی دەشارێتەوە، چونکە دەیزانی بە دوای دەکەون، هەر ئەمەش بوو روویدا. کتێبە کە دەستی بەسەردا گیراو لە بەردەم کۆشکی (داد) سوتێنرا.

لەو کاتەدا فەرەنساش وەك چۆن ئێستا ئێمە ئەوە دەکەین کتێبی دەسوتاند نەیدەهێشت بڵاوبکرێتە و سانسۆری دەخستە سەر. لەسەر ئەم شێوازە فەیلەسوفەکانی فەرەنسا شەڕەکانیان لە دژی ئوسوڵییەکان ئەنجام داوە و وازیان نەهێناوە تاوەکو کۆتاییەکەی و ریشەکێشکردنی هەموو دەمارگیرییەکی ئاینی لە وڵاتەکەیاندا. هەربۆیە ئێمە پێویستمان بە (کامیکازێکی فیکری) هەیە لە جۆری ڤۆلتێر بۆ ئەوەی بتوانین رووبەڕووی کامیکازە تەقێنەرەوەکانی شێخانی تاریکی و تیرۆری لەجۆری (بن لادن و زەواهیری یان زرەقاوی) هەزارانی هاوشێوەی ئەوانە ببینەوە.

بەڕێزان، ئێمە لە شەڕێکی کراوەداین، ئەم شەڕەش بەوە کۆتایی دێت کە یان بیبینەوە یان بیدۆڕێنن، چونکە ئەوەی ئوسوڵییەکان لە لەندەنی جوان و عەریقدا ئەنجامیاندا، دژ بە بیری شارستانییەت و جۆرێکی دیاریکراو لە ژیان و بوون بوو، وەك چۆن (تۆنی بیلر)ی سەرەك وەزیرانی بەریتانیاش وتی ئەوەی کە لێیدرا بیری ئازاد و فرەیی رۆحی و ئاینی و سیاسی بوو. ئەوەی لێیدرا ئازادی رادەربڕین و هەناسەدان و قسەکردن

بوو. هەر ئەو ئازادییەشە کە سودی لێ دەبینن و دەیقۆزنەوە بۆ ئەوەی ژەهری خۆیان لە باخچەی (هاید پارك) و دەوروبەرەکەیدا تیادا بڕێژن. ئەوە هەرهەمان ئەو ئازادییەیە کە (عەرەبە ئایدۆلۆژیستەکان) ئەوانەی کە بە دزی و بە ئاشکرا هاوسۆزی بن لادن و زەرقاوی و سەدام حوسێنن و دەیقۆزنەوە وسەرەڕای ئەوەی کە ژیانیان لە لەندەن و پاریس و پەرلین و ئەمستەردامدایە. لەوێ دەخۆنەوە و رادەبوێرن، کەچی دواتر بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەوان خەبات لە دژی دیکتاتۆرییەت و سەرکوتکردن دەکەن لەوڵاتەکانی خۆیاندا. لە توانای کێ دایە باوەڕبەوانە بکات؟

ئایا هیچ کەسێك دەتوانێ هاوسۆزیان بێت، هەر تەنها هاوسۆزی، ئەو کۆمەڵە تاونبار و مرۆڤ کوژانە بێت و بیانکات بە خەباتکەر لە پێناوی ئازادی یان دیموکراتیەتدا، یان تازەگەری فیکری و سیاسیدا، وە ئایا تاوەکو کەی ئەم درۆیە یان ئەم فێڵلێکردنە لەخەڵك بەردەوام دەبێت؟

بە راستی، دەمامکەکان کەوتون یان خەریکە دەکەون.

***


www.pertwk.com

## یەکیەتی ئەوروپا ... هەڵەی زیرەکەکان

تاوەکو چەند هەفتەیەکیش بەر لە ئێستا هیچ یەکێك چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد کە دەستورەکەی ئەوروپا توشی ئەم چارەنوسە ببێت، یەکەمجار لەسەر دەستی فەرەنسییەکان و دواتریش هۆڵەندییەکان. هیچ کەسێك گرەوی لەسەر رەتکردنەوەی نەدەکرد لەلایەن ئەم دوو دەوڵەتەوە کە دامەزرێنەری یەکیەتی ئەوروپین. بە پێچەوانەوە، هەمووان دەیانووت کە دەنگدان بۆ ئەم دەستورە یەکلایی بۆتەوە.

ئەگەر وەهاش نەبوایە (جاك شیراك) موغامەرەیەکی وەهای نەدەکرد و نەیدەخستە بەردەستی خەڵك. ئەو دەیتوانی کە بیخاتە بەردەست پەرلەمانی فەرەنسی و لە یەك دانیشتندا کێشەکە یەکلایی بکاتەوە چونکە زۆرینەی پەرلەمانی لەگەڵدایە. لە چەند رۆژی رابوردودا ئاگاداری ئەو شیکردنەوانە بووم کە رۆژنامەنوسان و رۆشنبیرە ئەوروپییەکان بۆ ئەم رەتکردنەوە میللییە ئەنجامیاندا و هەستم بەوەکرد کە هەموویان دڵیان تەنگە بۆ چارەنوسی ئەوروپا، ئەو ئەوروپایەی کە لەسەر هێڵێکی جێگیر رووە و یەکگرتن نزیکبونەوەی نێوان گەلان دەڕۆشت لە هەموو بوارە سیاسی و ئابوری و رۆشنبیری و تەنانەت مالیەکانیشدا.

بۆ ئێمە ئەوانەی کە چەند ساڵێکی زۆرە لە ئەوروپا دەژین بۆ یەکەمجار تووشی سەرسوڕمان هاتین کاتێك بە ناسنامەیەکەوە لە نێوان (25) دەوڵەتی جیاوازدا، جیاواز لە رووی زمان و بەهاوە هاتوچۆمان دەکرد، وەزیاتریش تووشی سەرسوڕمان هاتین کاتێك کە لە فەرەنساوە دەڕۆشتین بۆ ئەڵمانیا یان هۆڵەندە یان ئیتالیا و پێویستمان بەوە نەبوو کە جۆری پارەکانمان بگۆڕین، چونکە پارە هەموو یەك بوو، نەك هەر ئەوەندەش بەڵکو لەرووی هێز و گەورەییەوە رکابەرێتی دۆلاریشی دەکرد. ئایا ئەم هەموو خەونە جوانە وەك هەورێکی هاوینانە دەڕوات و نامێنێت؟ ئایا بەردی ئەنانییەتە نەتەوەییەکە دەیکوژێت؟ ژمارەی ئەوانە کەمن کە وابیردەکەنەوە، چونکە گەلانی ئەوروپی کە نزیکەی (60) ساڵە تامی ئاشتییەکی بەردەوام دەچێژن ناتوانن بگەڕێنەوە دواوە، ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ شەڕە جیهانییەکان یان شەڕی نێوان ئەڵمانی و فەرەنسییەکان یان شەڕی نێوان فەرەنسی و ئینگلیزەکان و هەتا دوایی....

ئەمە شتێکی ئەستەمە، چونکە گەلان پێشکەوتون و مۆدێرن بوون و چیدی هەمەجیەت و وەحشییەتەکەی جارانیان نەماوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی کە لە فەرەنسا و هۆڵەندە لەم دوایەدا روویدا هیچ نییە جگە لە رێگرییەکی کاتی کە پرۆسەی یەکگرتوی گەلانی ئەوروپی بۆ ماوەیەك دوادەخات بەڵام نابێتە هۆی هەڵوەشاندنەوە یان وەستاندنی. هەر ئەمەش بڕوای


www.pertwk.com

فەیلەسوفی ئیسپانی(فیرناندۆ ساناتێر) کە مامۆستای زانکۆی (مەدرید) یشە. ئەو، شکستهێنانی ڕاپرسییەکەی فەرەنسا کە زۆر بێزاری کردووە بەم جۆرە شیدەکاتەوە :

بۆ یەکەمجارە گەلانی ئەوروپی خاوەنی مافی تەندروستی و کۆمەڵایەتی و بەرزترین ڕێژەی مووچەن، هەربۆیە چیدی هیچ کەسێك لە برسان یان لەبەر نەخۆشی نامرێت و ئەگەر بێت و کاریش نەکات. ئەم مافە تازانەش کە یەکیەتی ئەوروپا پێیگەشتوە سەرکەوتنی شارستانییەت دەگەیێنیٚ بەسەر سەردەمەکانی هەژاری و برسێتی و بەربەرییەتدا، بەڵام کێشەکە لەویدایە ئەم گەلانە کە خاوەنی ئیمتیازاتی مادین و لە بەهەشتی دوای رۆشنگەریدا دەژین، ترسی ئەوەی هەیە کە گەلانی دراوسیٚ هێرش بکەنە سەری و ئەم نیعمەت و ژیانە بەکاربەرییە خۆشەی لیٚ تێك بدەن.

جا بۆیە دەنگدان دژ بە دەستوری ئەوروپی لە هەریەك لە فەرەنسا و هۆڵەندا لە واقیعدا تەعبیر لە ڕەتکردنەوە و فراوانبوونی یەکیەتی ئەوروپا دەکات کە بەم دواییە (10) وڵاتی تازەی ئەوروپای ناوەراست و رۆژهەڵات لە خۆگرت.

ئەوە دەربڕی ئەو ڕەتکردنەوەیەیە لەلایەن ئەوروپایەکی رۆژئاوا و دەوڵەمەند و خۆشنودەوە بۆ گەلە ئەوروپییەکانی دیکە ئەوانەی کە بۆ (50) ساڵی بەردەوام لە ژێر دەسەڵاتی شیوعییەتدا ژیاون. هەروەك چۆن دەربڕی ڕەتکردنەوەیەکی پێش وەختیشە بۆ وەرگرتنی تورکیا، تەنانەت بۆ (بولگاریا و

رۆمانیا) ش کە تائێستا وەرنەگیراون و ترسی ئەوەشیان هەیە کە وەرگرتنەکەیان دوابخرێت. بەم مانایە ئەم (نا) ی دواییە چ لە ڕێگای تورکەکانەوە بێت یان لە ریگای گەلە هەژارەکانی ترەوە بێت ئێمەش (عەرەب) دەگرێتەوە. چونکە ئەمە رەتکردنەوەی ئێمە و ترسان لە ئێمەیە چ لە رۆژئاوای عەرەبیدا یان لە رۆژهەلاتی عەرەبی دراوسێی تورکیادا بین. هەر لەبەر ئەم هۆیەش بوو ئێمە هەستمان پێکرد و وامان زانی کە ئاراستەی ئێمەش کراوە.

ئەوان دەیانەوێت کە لە بەهەشتی دوای رۆشنگەری خۆیاندا بە تەنها بەجێیان بهێڵن و ئەوانی دیکەش بکەنە دەرەوە و وەك بەربەرییەکان تەماشایان بکەن، وەك چۆن ئەسینییەکان لە سەدە کۆنەکاندا دەیانکرد یان چۆن هەرچ دەوڵەمەندێك بەرامبەر هەژارێك دەیکات. ئەوان دەیانەوێت خودی خۆیان تەلبەند بکەن بۆ ئەوەی هیچ کەسێك نەڕواتە ولاتەکانیانەوە، ئەو ولاتانەی کە پڕە لە ئازادی و کەلوپەلی بەکاربەر و لەزەتی ژیان. ئەمە هەموو مەسەلەیەکە، نەزیاد و نەکەم.

هەر ئەمەشە کە تەفسیری هۆکاری (نا) هۆڵەندییەکان دەکات. هۆڵەندییەکان تاکە ولاتن کە بەپێی رێژەی دانیشتوانەکەی سالانە گەورەترین بڕی پارە دەدەن بە یەکیەتی ئەوروپا. چیدیش نایانەوێت کە ئەوان باجی پێشکەوتنی ئەو گەلە ئەوروپیانە بدەن کە دەیانەوێت لەسەر پێی خۆیان هەستنەوە، بۆ نموونە وەك گەلی سلۆڤینی یان پۆلۆنی یان

هەنگاری یان قوبرسی و هەتا دوایی .. ئەمە هەڵوێستی فەرەنسییەکانیشە سەرەڕای ئەوەی کە هیچ زیادەیەك لە هاوکارییەکانیان ناخەنە سەر بوجەی یەکیەتییەکە. ئەگەر بێت و گەلێك مافی ئەوەی هەبێت کە یەکیەتی ئەوروپا رەفز بکاتەوە گەلی ئەڵمانییە. چونکە ئەوە ئەڵمانییە سالآنە دەیەها ملیار یورۆ دەکاتە قورگی ئەورووپاوە و ئەگەر ئەویش نەبوایە ئەوا یەکیەتی ئەورووپانە یدەتوانی لەسەر پێی خۆی بوەستێت. بەلأم ئەوەی بە راستی دەمێنێتەوە ئەوەیە ئەگەر فەرەنسییەکان نەبوونایە هەریەك لە (ئیسپانیا و پورتوگال) بەم ئاسانییە نەیاندەتوانی بڕۆنە ناو یەکیەتی ئەورووپاوە جابۆیە فەرەنسییەکان فەزلێکی گەورەیان بەسەر ئیسپانییەکانەوە هەیە و بەم دواییەش (پاباتیرو) ی سەرۆك وەزیرانی ئیسپانی دانی پیادا نا.

ولآتی فەرەنسا وەك پەناگەیەك وابوو بۆ ئەو تێکۆشەرە فەرەنسییانەی کە بە درێژایی سالآنی تاریك و زاڵمانەی دەسەلآتی (فرانکۆ) خەباتیان دەکرد. لە نێویشیاندا کەسایەتی گرنگی تیادا بووە وەك (پاپلو پیکاسۆ).

هەموو ئەوانە لە فەرەنسا ژیاون و لەگەڵ فیکر و دروشمی شۆڕشگێڕانەی رۆشنگەرەکەیدا تێکەلأوبوون و خەونیان بەوەوە بینیوە کە ئیپسانیاش بکەن بە باخچەیەکی دیموکراتی وەك فەرەنسا. هەر کە (فرانکۆ) ش لە ساڵی 1975 دا دەڕوخێت (ئیسپانیا و میسر) لە یەك ئاستدا دەبن چ لە رووی پێشکەوتنەوە یان لەرووی دواکەوتنەوە، بەلأم ئەوان بە چارەکە


www.pertwk.com

سەدەیەك خەونەکەیان بەدیدێنن. بەڵام ئێستا کێ دەتوانێ بەراوردیان بکات؟

هەر بۆیە ئەگەر ئەو ملیارانە نەبوایە کە یەکیەتی ئەورووپا لە ئابوری ئیسپانیادا سەرفی کردوە ئەو وڵاتە نەیدەتوانی لەسەر پێی خۆی بوەستێت و بەم شێوە خێرایە پێش بکەوێت. هەر بۆیە ئیسپانییەکان (نا) یەکەی فەرەنسییەکانیان وەها دەبینی کە ئاراستەی ئەوانیش کراوە. بەڵام بە شێوەیەکی ئیسترجاعی و دوای بەسەر چونی کات.

***



www.pertwk.com

## بۆ ئەوەی لە بیرمان نەچێت

**چۆن دیکارت دواهەمین لێدانی خۆی دەوەشێنێ؟**

**فەیلەسوفی فەرەنسی** (**رینییە دیکارت**) (1596 – 1650) **ئەو کەسەی کە زیاتر لە ئاگری سەر ئاڵایەك بە ناوبانگە. دەبێ کێ هەبێت ناوی دیکارتی نەبیستبێت؟ ئایا ئەوە ئەو نییە کە دامەزرێنەری ئەقڵانییەتە، بە شێوەیەك کە بەتەواوەتی تێکەڵاوی یەکترین؟**

**کاتێك بە فلانە شت دەڵێین دیکارتییە ئەوە بە مانای ئەوەیە کە ئەو شتە عەقڵانییە، وە کاتێکیش دەڵێین فەرەنسییەکان دیکارتین ئەوە زۆر بە سادەیی مەبەستمانە بڵێین کە عەقڵانین. ئەم فەیلەسوفە بە شێوەیەکی وەها کاریگەری خستۆتە سەر خورەوشتی گەلی فەرەنسی کە جیاکردنەوە لە نێوان گەل و ئەودا کارێکی زەحمەتە. ئەو بە تەنها نەتەوەیەك بوو بۆ خۆی. تەنانەت رێکخستنی شەقامەکان و گۆڕەپانە گشتییەکانیش لە فەرەنسادا شوێن دەستی مەنهەجییەتی دیکارتی پێوەیە لە رووی روونی و وردبینییەوە. بەڵام کێ ئەوە دەزانێت کەوا دیکارت لە پیاوەکانی کڵێسا ترساوە تاوەکو دواسنور، هەروەها بە درێژای ژیانیشی سڵی لە شمشێرەکانیان کردۆتەوە کە بەردەوام بەسەر سەرییەوە بووە؟ ئەوە دەلێین سەرەڕای ئەو هەموو شێوازی خۆپارێز و خۆپاراستنەی کە بەکاریهێناوە بۆ ئەوەی لە نەهامەتییەکانیان خۆی بپارێزێت. هەر لەبەر هەمان**

هۆش وڵاتەکەی خۆی (فەرەنسا) بەجێدەهێڵێت کە پڕ پڕ بووە لە ئوسوڵی دەمارگیر لە سەر ڕێبازی مەزهەبی کاسۆلیکی و سەفەر دەکات بۆ وڵاتێکی پرۆتسانتی زیاتر کراوە و ئازاد و لیبراڵی: کە ئەویش هۆڵندایە، تەنانەت لێرەش بەردەوام ماڵەکەی دەگۆڕی و خۆی لە بەر چاوان ون دەکرد بۆئەوەی زیاتر بە ئازادی بیر بکاتەوە و بنووسێت.

دیکارت ئەوەی دەزانی کەوا چەند راستییەکی گەورەی دۆزیوەتەوە لە بواری زانست و فەلسەفەدا، هەرچەند کاتیشی نەهاتبوو. چونکە راستەوخۆ رووبەڕووی هەڵە باوەکانی سەردەمەکەی خۆی دەبویەوە، ئەو هەڵانەی وەك یەقینێکی رەها خۆیان فەرز کردبوو وە هیچ دەست بۆ بردنێك یان رەخنەکردنێکیان هەڵنەدەگرت. بە دڵنیاییەوە ئەتوانین بڵێین نموونەی سەرەتایی بۆ ئەو هەڵانە ئەوەیە کەوا زەوی ناوەندی کەونە و خۆریش بە دەوری زەویدا دەسوڕێتەوە نەك بە پێچەوانەوە. ئەم قسەیش قسەیەکی (ئەرستۆتالیس ) و (بەتلیمۆسی) یە و کڵێسا تەبەنی کردوە و بەرگێکی پیرۆزی دینیی داوە بە سەریدا. هەربۆیە هەر کەسێك بەرهەڵستی بکات بەرهەڵستی بیردۆزێکی زانستی نەکردووە لە کۆی بیردۆزەکانی تر، بەڵکو بەرهەڵستی خودی دینی کردوە و بەم شێوەیەش خۆی خستۆتە بەردەم مەترسییە گەورەکە. جا بۆیە کاتێك دیکارت ئیدانە کردنی (گالیلۆ) دەبیستێ لەلایەن مەکتەبی پیرۆزە لە (ڤاتیکان) دەترسێت و کتێبەکەی خۆشی


www.pertwk.com

دەکێشێتەوە لە چاپخانە. ئەوکاتیش لەوەدا بوو کە بۆچوونەکانی ئاشکرا بکات لە ڕێگای ئەو نامەیەوە کە بیردۆزی سروشتی جیهانی شیدەکردەوە و پشتگیری بیردۆزەکەی (کۆپەر نیکۆس) ی دەکرد دەربارەی سوڕانەوەی زەوی بە دەوری خۆردا و شتەکانی تریش. زۆر بە ڕوونی بە هاوڕێکانی وت: نامەوێت قوربانی بە کەسێتییە دڵنیاییەکەم بدەم لە پێناوی بیروباوەڕەکانمدا. لەبەر ئەمەش هەندێك بە ترسنۆك و لاواز تاوانباریان کرد. بەڵام ئەو کەسانە ئەم پرسیارە لە خۆیان ناکەن: ئایا ئەو چ سودێکی لەوە دەبینی ئەگەر ژیانی خۆی بخستایەتە مەترسییەوە یان ڕووبەڕووبونەوە پێش ئەوەی کە پەیامەکەی تەواو کردبێت؟

دیکارت لەو کاتەدا تەمەنی چلی پڕ کردبویەوە، بەم جۆرەش دۆزینەوەکانی لە پێشییەوە بوون نەوەك لە دواوەوە، وە ئەگەر بهاتبایە و خۆی بخستایەتە ململانێیەکی ئاشکراوە لەگەڵ کڵێسادا، ئەوا زۆر بە ئاسانی بە سەریدا زاڵ دەبوون و نەیدتوانی بیرەکانی بە تەواوەتی و لە سەرخۆی پێبگەیەنێت و بەردەوام بێت لە گەڕان بەدوای ڕاستیدا. هەر بۆیە ستراتیجیتی خۆ بێدەنگکردن و شاردنەوە پێویست بوو بۆ ئەوەی چەند ساڵێکی دیکەی تر بژی و بۆمبە فیکرییە تەوقیتکراوەکانی تەواو بکات کە ڕاستەوخۆ دوای مردنی بە ئوسوڵییەتی توندڕەویدا تەقییەوە. کاتێکیش کە ئوسوڵییەکان هەستیان بە مەترسی کرد ئەوەی لێیدرا بوو، ئەوەشی ڕایکردبوو، نەشیان

دەتوانی لە ئاگرەکە خۆیان بپارێزن یان بیکوژێننەوە. دیکارتیش ئەمانەتەکەی تەسلیم کردبوو، وە بێدەنگ و ئارام لە گۆڕەکەیدا لێی راکشا بوو. بە دڵنیایشەوە ئەوان کتێبەکانیان لەگەڵ کتێبەکانی (کۆپەر نیکۆس، گالیلۆ، باسکاڵ، کیبلۆ) و دەیان زانا و فەیلەسوفی ترەوە خستبوە خانەی ئەو چاپکراوە حەرامانەی کە نەدەبوو دەستاودەست بکەن. بەڵام ئەو چ خەفەتێکی هەبێت، بیرەکانی ئەو وەك ئاگرێکی گەورە هەموو ئەوروپای گرتبووەوە، فەلسەفەکەشی لە زۆربەی زانکۆکانی هۆڵندا و شوێنانی تر دەخوێنرا.

بەم جۆرە دیکارت زەبرەکەی خۆی زۆر لەسەرخۆ و دوور لە هەر ژاوەژاوێك و ئیستفزازکردنێك دەوەشاند. ئەو دەیزانی کە شەڕەکە شەڕێکی درێژە، قورسە، هەروەها هێزەکانی تاریکی و داخران ریشەیان قوڵە و بە ئاسانی ناتوانرێت دەربهێنرێت، هەر بۆیە وا پێویستی دەکرد کە بە شێوەیەکی ساختەکارییانە رووبەڕوویان بێتەوە نەوەك راستەوخۆیانە. زۆر جاریش پێویستە کە لەگەڵیدا شەڕی شوێنە راستییەکان بکەین. ئەو وتە بەناوبانگ و تاڕادەیەك تەمومژاویەکەی دەوت: (فەیلەسوف لەسەر شانۆی جیهاندا بە دەمامکەوە دەردەکەوێت ...).

فەیلەسوف لە یەکەم لێداندا زۆر بە سانایی کارتەکانی ناخاتەڕوو، ئەوە دەڵێین و بە تایبەتیش فەیلەسوفێکی گەورەی وەك ئەو کە مێژوو بکاتە دوو بەشەوە، پێش خۆی و دوای خۆی. دیکارت زاتی ئەوەی کرد کە گەورەترین کودەتای

فەلسەفی لە مێژووی تازەدا بکات. ئەو کودەتایەی کە (ئەرستۆ) ی لەسەر تەخت هێنایە خوارەوە و هەیمەنەکەی سڕییەوە کە نزیکەی دوو هەزار ساڵی خایاند. ئەو هەیمەنەیەی کە عەرەب و موسوڵمانەکانیشی گرتبووەوە وەك چۆن ئەوروپییە مەسیحییەکانیشی گرتبوەیەوە وەك یەك.

ئێستا فەلسەفەی تازە دەستی پێکرد. رووبەڕووبونەوە لە نێوان هەردوو لایەنەکەدا چارەنووس ساز و ئیجباریانە بوو. هەر بۆیە راونانەکان لە هەموو ئەوروپا رووی لە زیادبوون کرد. لە هۆڵندا راستەوخۆ دوای دادگایکردنی (گالیلۆ) پزیشك و زانای کیمیائی (ڤان هیلمۆنت) دەستگیر دەکرێت، لە بەلجیکاش ( بیرنوی ) زانا ناچار بە هەڵهاتن دەکرێت. پرۆفیسۆر (ڤان ڤیلدین) یش لە زانکۆی (لوڤان) دەستگیر دەکرێت بە تۆمەتی پشتگیریکردن لە بیردۆزە زانستییە تازەکان کە دەربارەی دروست بوونی کەونە، کە ئەمەش بە دڵنیاییەوە دژ بەو دەقانەیە کە لە ( سفر التكوين) دا هاتوون.

لە ئیسپانیاش کاتێك کە دادگاکانی پشکنین هەناسەکانیان دەخنکاند بەر لە مێشکەکان ( سابیکۆ) ی پزیشك هەموو بەرهەمەکانی خۆی بە ناوی کچەکەیەوە بڵاو دەکاتەوە، نەشیان توانی ئەم فێڵە ئاشکرا بکەن تاوەکو چوار سەد ساڵ دوای مردنی! لەو زەمانەشدا چاودێریکردنی خود بەسەر خوددا کردارێکی باو بووە. زاناکان لێکۆڵینەوەکانیان بڵاونەدەکردەوە تا وەك دوای مردنیان، وە ئەگەر بڵاویشیان بکردبیاتەوە ئەوا

ئەو پەرەگرافانەیان لێ دەپەڕاند کە جێگای مەترسی بوون و لەگەڵ بیر و باوەڕەکانی پیاوەکانی کڵێسادا دژ دەکەوتەوە. هەروەها لە ساڵی 1546 بیریاری مرۆڤایەتی ( ایتیان دولیە) دەسوتێنرێت بە تۆمەتی زەندیق بوون و بێباوەڕی چونکە داکۆکی لە لێبوردەیی دینی دەکرد، بەڵام بیریاری ئیتالی (کامبانیلا) زیاد لە چارەکە سەدەیەك دەستگیر دەکرێت پاش ئەوەی دادگاکانی تەفتیش هەموو دەستنووسەکانی دەبەن ئەمە لە کاتێکدا زانا و فەیلسوفی بەناوبانگ (جیوردانو برینو) بە شێوەیەکی سامناك دەکوژرێت و دواتر لاشەکەی دەکرێتە خۆراکی ئاگر لە ئەشکەوتە تاریکەکانی ڤاتیکان دا لە ساڵی 1600 دا. ئیدی بۆچی دەبێت دیکارت لە زەبر و زەنگیان نەترسێت، هەر بۆیە لە ساڵی 1637 دا بەبێ ناوی خۆی کتێبە بەناوبانگەکەی (مقال في المنهج) بڵاودەکاتەوە.

ئەوە دەڵێین سەرەڕای ئەوەی ئەو هەموو هۆکارێکی پێویستی گرتبوەبەر بۆ خۆپاراستن و زیاد لە چەند جار رایگەیاند بوو کەوا ئەو پەیوەستە بە بنەماکانی ئەو دینەی کە لە هەناویدا گەورە بووە. نەك هەر ئەوەش بەڵکو کتێبە گەورەکەشی (التاملات المیتافزیقیە) پێشکەش دەکات بە زانا(الفقهاو) گەورەکانی سۆربۆن بۆ ئەوەی شایانی رەزامەندی بێت. سۆربۆنی ئەوکات ئەم زانکۆیەی ئێستا نەبووە کە ئێمە دەیناسین، بەڵکو ئاماژە بووە بۆ کۆلیژی لاهوتی مەسیحی و خاوەن ناوبانگێکی گەورە بووە لە دەرەوە و ناوخۆی

فەرەنسادا. ئەویّ (سۆربۆن) فەتوای ئیدانەکردن و قەدەغەکردنی کتێبەکانی دەردەکرد، یان بە پێچەوانەوە ئیجازەی بڵاوکردنەوەی دەدا. هەروەها فەتوای لاهوتیانە دەردەکرد دژ بە بیریارەکان و ئەوەی کافریان دەکرد و ئەوەشی بیّ تاوانیان دەکرد بیّ تاوان بوو ئیدی بە ئارەزووی خۆیان. بەڵام ئەم هەموو موجامەلەکردن و خۆپارێزیە لە کۆتایدا دیکارتی ڕزگار نەکرد.

لە ساڵی 1649 واتە ساڵیّ بەر لە مردنی، یەکێك لە یەسوعییەکان ئیدانەی کتێبەکەی ( مبادی والفلسفە) ی کرد و تاوانباری کرد بە کافر بوون (الزند قە). لە ساڵی 1663 یشدا، واتە 13 ساڵ پاش مردنی (ڤاتیکان) کتێبەکانی خستە لیستی کتێبە قەدەغە کراوەکانەوە، ئەو کتێبانەی کە کەنیسەی کاسۆلیکی بە شوێن کەوتوانی دەوت نەیخوێننەوە و بە هیچ جۆرێك لە جۆرەکان چونکە پێچەوانەی عەقیدەی ڕاستەقینەیە.

دیکارت ژیاو خەفەتی ئەوە کوشتبووی کەوا زانستی سروشتی بە بەراورد بە زانستی لاهوتی نەیتوانیوە سەربەخۆیی خۆی بە دەست بهێنێت. هەڵوێستیشی لەم لایەنەوە جیاواز نییە لە هەڵوێستی (گالیلیو و باسکاڵ). ئەوان بەم مانایە دەیانووت: ئەگەر هەر دژایەتییەك لە نێوان بیرەکانی کڵێسا یان وەعزەکانی لەگەڵ یەکێك لە بیردۆزەکانی زانستی تازەدا ڕوویدا، ئەوا پێویستە دووبارە تەئویلی بیرەکان یان وەعزەکانی کڵێسا بکەینەوە بۆ ئەوەی هاوشانی زانست و عەقڵ بێت. لە دواتریشدا جوڵەی مێژوو بەو ئاڕاستەیەدا ڕۆیی کە ئەو



www.pertwk.com

فەیلەسوفانە وێنایان کردبوو. هەرچەندە ئەوە راستیشە کەوا زەمەنی خۆیان گوێیان لێ نەگیرا، بەڵام سەردەمانی دواتر شوێنیان کەوتن و ئەوەیان بۆ دەرکەوت کەوا ئەوان لە سەر حەق بون و هاوزەمانەکانیان هەڵەبون. تەنانەت (پاپا) ی ئێستاش دانی بە گەورەی ئەواندا ناو و داوای لێبوردنی لەو هەلانەی کلێسا کرد کە لە مێژودا کردبوونی.

***

## ئیمپراتۆرییەتی ئەمریکی و چارەنووسی جیهان

ئایا دەتوانین وێنەیەکی روون دەربارەی جیهان پێشکەش بکەین؟ ئەگەر وا سەیری رووداوەکان بکەین لە لایەن رۆژئاواوە ئەوا دەبینین ئەو بە شێوەیەك بە سەر جیهاندا باڵادەستە کە هیچ کاتێك لەوەو پێشتر وەها نەبووە. ئەو کە ژمارەی دانیشتوانەکەی لە ٪2 ی دانیشتوانی جیهان تێناپەڕێنێت، بەڵام زیاتر لە ٪8 ی سەروەت و تواناکانی جیهانی لە ژێر دەستدایە. ئەوە شوێنی گومان نییە کە لەم ماوەی پێشودا هەندێك ناکۆکی کەوتە نێوان هەردوو بەشە سەرەکییەکەوە: ئەوروپییەکان و ئەمریکییەکان. بەڵام لێدوانچییە بە پەلەکان زیاد لە قەبارەی ئەم ناکۆکییەیان تێپەڕاند. لە واقیعیشدا رۆژئاوا (ئەوروپییەکان –ئەمریکییەکان) لەوشوێنەدا یەکدەگرن ئەگەر بڕوایان وەهابێ کە کێشەکان لە شتە سەرەکییەکاندایە و وا خۆشیان پیشان دەدەن کە کوتلەیەکی یەککگرتوون لە دژی هەموو جیهاندا. بەڵام یارییەکی زیرەکانەش دەکەن بۆ دابەشکردنی رۆڵەکان لە نێوان (هەڵۆکان و کۆترەکان) بۆ ئەوەی مەترسییەکان برەوێننەوە و بە گەورەترین چالاکی پێویستیش رووبەڕووی ببنەوە.

لێرەشدا دەتوانین کە جیاوازی لە نێوان رۆژئاوای پێشکەوتنخوازی خاوەن رووی مرۆڤانە و رۆژئاوای خۆپەرستی


www.pertwk.com

خاوەن رووی ناشیرین بكەین ئەوەی كە بێ هیچ بەزەیی پێداهاتنەوەیەك كردارەكانی ئەنجام دەدات ئەگەر پێویست بكات. هەر لەواقعیشدا شارستانییەتەكە ئیزدیواجی بووە یان دوو رووی هەبوە نەك یەك روو. ئەو رۆژئاوایەی كە مافەكانی مرۆڤ و هاولاّتی دیاریكرد و بەهاكانی رۆشنگەری و ئازادی دین و سیاسی پەرە پێدا هەر هەمان ئەو رۆژئاوایەیە كە هەستاوە بە موغامەرەتەكانی نیشتەجیّ كردن و داگیركردن لە هەموو جیهاندا.

ئەو رۆژئاوایەی كە دەوڵەتی حەق و یاسای بۆ یەكەمجار لە مێژودا دروست كرد و بەلایەنی كەمەوە ئازادی بیركردنەوە و ویژدانی بۆ هاولاّتیانی خۆی دەستەبەركرد. هەر ئەو رۆژئاوایەیە كە چاوپۆشی لەو مافانە كرد لە ولاّتانی جیهانی سێهەمدا. نەك هەرئەوەندەش بەڵكو زۆربەی جارەكانیش هەموو شتێكی پێشێل كردوە لە پێناوی زامنكردنی بەرژەوەندییە مادی و بازرگانییەكانی خۆیدا. ئایا ئەمە مانای ئەوەیە رۆژئاوا شتێكی غەریبە، وە ئایا ئەو پرۆژە رۆشنگەرییەی كە ئازادییەكانی دروست كردوە هەر هەمان ئەو پرۆژەیەیە كە كۆت و پێوەندەكانی دروست كردوە وەك فەیلەسوفی فەرەنسی (مێشێل فۆكۆ) وەها دەڵێت. پێدەچێت وەها بێت و هەربۆیەشە بینیمان بە هەزارانیان رژانە سەر شەقامەكانی پایتەختە گەورەكانی وەك (مەدرید و لەندەن و رۆما و پاریس) دژی سیاسەتەكانی ئیمراتۆری تازەی رۆژئاوا (جورج دەبلیو بۆش).

ئەم شارستانییەتە ڕوویەکی مرۆڤانەی هەیە، تەنانەت فریشتەیانەش، بەڵام ئەوە ئەو نییە دواجار بڕیارەکان یەکلایی دەکاتەوە. چونکە هێزە دژەکانی جیهانگیری لاوازترن لە هێزەکانی خودی جیهانگیری، بەڵام بوونیشیان هەیە. هەروەها هێزە چەپ و دیموکراتە مەسیحییەکانیش لە هێزە ڕاستڕەوە باڵادەستەکان ئەوانەی کە لوتکەی ڕۆژئاوان لاوازترن. بەمجۆرەش ئەو کەسانەی کەوا بڕوایان دەکرد کە بەشەریەت ڕۆشتۆتە ناو سەردەمێکی تازەوە دوای ڕووخانی یەکیەتی سۆڤیەت و مێژوش کۆتایی پێهاتوە یان گەشتۆتە کۆتایی کەنارەکە و سەردەمی یاسا نێودەوڵەتییەکانە، توشی نائومێدیەکی گەورە هاتن. چونکە جیهان تاوەکو ئێستاش شوێنی مەترسییە هەروەك سەردەمی شەڕی سارد ئەگەر ترسناکتریش نەبێت. هەروەها زوڵمکردنیش بەربڵاوە و تاوەکو ئێستاش مەنتیقی هێز باڵادەستە.

ململانێیە نەژادییەکان و تائیفیەکانیش لە زۆربەی شوێنە جیاوازەکانی جیهاندا گڕەستێنێ یان وەك بۆمبێکی ئامادەکراو لە هەر چرکەیەکدا بەرووماندا دەتەقێتەوە. جا بۆیە ئەی بەڕێز فۆکۆ یاما کۆتایی مێژوو لە کوێیە؟ لە کوێیە کۆتایی ململانێیەکان و قەسابخانەکان و بۆمبارانکردنەکان بە موشەك و ناپاڵمەکان؟ ئەو پیاوە بڕوای وابوو کە سەرکەوتنی نەموزەجی دیموکراتییەتی لیبراڵ لە سەر ڕێگای ڕۆژئاوایی مانای کۆتایهاتنی ململانێی ئایدۆلۆژیەکانە و بە دەستهێنانی

بەهەشتی شارستانییەت و پێشکەوتنە بە شێوەیەکی یەك لەدوای یەك لەلایەن بەشەریەتەوە. ئەوە شوێنی گومان نییە کە بە شێوەیەکی تەواوەتی یان بەش بەش هەندێك رژێمی دیموکراتی زیادی کردووە لە ئەمەریکای لاتینی و ئەوروپای رۆژهەلات و ناوەڕاستدا بگرە تەنانەت لە ئاسیا و ئەفریقاش لەگەڵ هەندێك سەرکەوتنی بچوکتر لە جیهانی عەرەبیدا. بەلام دیموکراتییەت بە زەرورەت مانای ئازادی نەدەگەیاند، چونکە هەندێك جار بوەتە هۆی سەرکەوتنی سەرکردە دیماگۆجیەکان بۆ سەر کورسی دەسەلات وەك میلۆزۆڤیج لە یوگسلافیا یان موغابی لە ئەفریقا یان هەموو ئەوەکانی تر.

هەروەها دیموکراتییەتی هاوپێچ بە ئابوری ئازاد و جیهانگیری هەمەجیەت لە زۆرێك لە ناوچەکانی جیهاندا بوەتە هۆی زیادبوونی ململانێ نەژادی و ئەتنییەکان.هەر بۆ نمونە لە (فلیپین) دا کەمایەتییە چینییەکان لە ولاتەدا ٪6 ی ئابوری کەرتی تایبەتیان بە دەستەوەیە، ئەمە لە کاتێکدا کە ژمارەیان لە ٪1 تێپەڕ ناکات! ئیدی چۆن دەبێت زۆرینەی گەلی فلیپین بەم حالە رازیبن؟ ئەوە دەلێین و بە تایبەتیش کاتێك کە سێ لە سەر چواری ئەم گەلە کە ژمارەیان( 80 ) ملیۆن کەس دەبێت داهاتی تاکە کەسیان لە رۆژێکدا کەمتر لە 2 دۆلارە. لە هەمانکاتدا (بۆش) ی سەرۆکی ئەمریکاش واز لە باسکردنی سودەکانی ئابوری ئازاد و نەموزەجی لیبرالی و پێویستی ناردنە دەرەوەی دیموکراتییەتی رۆژئاوایی بۆ هەموو گەلانی جیهان ناهێنێت.

بەڵام زۆر بەدەگمەن ئاماژە بە بەهاکانی یەکسانی و دادگەری کۆمەڵایەتی دەکات لە نێوان رۆژئاوا و رۆژهەڵاتدا یان باکور و باشوردا یان بە تەنها لە نێو هەموو وڵاتێکدا.

ئەوەی کە بە ( فلیپین) مان وت بەسەر ئەندەنوسیاشدا جێ بەجێ دەبێت، لێرەش کەمینەی چینییەکان لە 4٪ یان 7٪ ی کەرتی تایبەتییان بە دەستەوەیە. ئابەم شێوەیە لە سەردەمی ( کلنتۆن )ەوە کە تەعبیری رووە مرۆڤایەتییەکەی شارستانییەتی رۆژئاوایی دەکرد تاڕادەیەك رۆشتین بۆ سەردەمی (بوش، دونالد رامسفیلد، پول وولفوتیز، رییتشارد بیرل، بیل کریستۆل، بیرل کانمان) و پاشماوەی پارێزگاران و هەڵۆ تازەکان. کە ئەمانە نوێنەری روویەکی تری شارستانییەتی رۆژئاواین، واتە رووە مەنهەجی و خۆبەزلزانینەکەی کە جگە لە زمانی هێز و لێدان چیدیکە نازانن. ئەوانیش وەك هەموو پارێزگارەکان هیچ گرنگییەك نادەن بە کێشەی هەژاری یان تەنانەت برسێتیش کە هەڕەشە لە زیاتر لە نیوەی دانیشتوانی گۆی زەوی دەکات. کێشەکەمان لە گەڵ ئەمریکادا بە خاڵی یەکەم لێرەدا دەست پێدەکات. پێویستە دان بەوەدا بنێین کە لە نێوان هەردوو سەردەمەکەدا (لێدانەکەی 11 ی سێپتەمبەر) روویدا کە ئەمەریکای توشی سەرلێشێوان کرد ئەگەر بۆساتێکیش بێت. قەدەریش وەهابوو ئەوزەمەنە پیاوێك لە تەکساسەوە لە سەر کورسی دەسەڵات بێت کە لە هیچ زوڵمێك خۆش نابێت و تۆڵەش بکاتەوە بێ ئەوەی بزانێت چۆن تێر


www.pertwk.com

دەبێت لە تۆڵەکردنەوە. هەروەها شانسی (بن لادن) و (ئەیمەن زەواهیری) و پاشماوەی سەرکردە توندڕەو تاریکخوازەکانی دیکەش باش نەبوو. چونکە لە ئەمریکادا پیاوێك هەبوو دەیزانی چۆن لە زمانەکەیان تێدەگات و دەیشیزانی چۆن بەرەنگاریان دەبێتەوە.

هەرکە پێمان نایە سەردەمی تازەوە کە گرنگی کەمتر نەبوو لە سەردەمی شەڕی سارد لە بەر ئەوەی قەدەری ئیسلامی وەك گشتێك و داهاتوی عەرەب و گەلانی غەیرە عەرەبیش لە گەلانی موسڵمان و هەروەها داهاتوی جیهانیش لەسەری بەندبوو. هەموو سڕبونە فیکرییەکان لە مێژوی ئیسلامدا و هەموو داخرانە عەقائیدیەکان و هەموو داخرانە لاهوتییەکان پێویستی بە 11 ی سێپتەمبەر هەبوو بۆئەوەی باڵەکانی بکرێنەوە. هەر بەراستیش کرانەوە. دوای ئێستاش کردارەکان لە کارلێکردندا ناوەستێت تاوەکو دەگات بە ئامانجەکانی خۆی. دوای ئەمڕۆش هێزە پارێزگارە وەستاوەکان لە دنیای عەرەبیدا چیدی ناتوانن ڕێ لە پرسیارەکان بگرن کە لەسەر کەلەپورن، تەنانەت ئەو پرسیارانەش کە زیاتر رادیکالاٌنەن، یان قوڵ و خاوەن رەگ وریشەن. بەم مانایە ئەوا سەدەی 21 سەدەی رۆشنگەری عەرەبییە بێ هیچ گومانێك وەك چۆن سەدەی 18 سەدەی رۆشنگەری ئەوروپی بوو. هەر بۆیە زۆر گەشبینم سەرەڕای ئەو داڕووخان و نەهامەتیانەی کە ئێستا روو دەدەن، نەك هەرئەوەندەش بەڵکو چەندێك رووخانەکان زیاد بکەن ئەوا من


www.pertwk.com

زیاتر گەشببینم. هەروەها بڕوایەکی تەواوەتیشم بەوە هەیە کە (هەرچەندێك گەورەبویت بچوك نابیتەوە) وەك پەند باوەکە وا دەڵێت.

بۆ ئەوەی بتوانین یەك پرسیار لەسەر دەقە گەورە و مێژوییەکان بکەین وا پێویست دەکات کە زەوی بە بومەلەرزە و بورکانەکان بتەقێتەوە. چەندێك قوربانیمان پێویستە کە لەسەر زەویدا بدرێت بۆ ئەوەی بە تەنها نزیك بینەوە هەر بە نزیك بونەوە لە ناوچەکانی راستیە گەرم و بێدەنگ کراوەکان بە درێژایی سەدان ساڵ؟ رۆژێك دنیای عەرەبی پەیدا دەبێت بەڵام بە بەرگێکی تازەوە، بە تەکوینێکی تازەوە، هەروەها تۆڵەی خۆشی لەو مێژوە دەکاتەوە کە پڕی بوە لە داڕووخان و زەلیلی و ئیهانەکردنە ناوخۆیی و دەرەکییەکان.

ئایا ئەو چەندین سەدە لە ئەوروپا زیاتر باڵادەست نەبوە؟ ئایا ئەو لانکەی شارستانییەتی بەشەرییەت نەبوە تاوەکو سەدەی 13 بەلایەنی کەمەوە؟

زانای ئەنترۆپۆلۆجی ئینگلیزی بەناوبانگ (جاك غودی) دەڵێت (فەلەستین بە درێژای 1500 ساڵ عەرەبی بووە (ئیسلامی و مەسیحی) هەر بۆیە چۆن دەتوانین کتوپڕ قەناعەت بکەین بە خەڵکی و بڵێین عەرەبی نییە؟ ) ئەوە شوێنی گومان نییە کە لە ماوەی ئەم چەند سەد ساڵەی رابردودا گۆڕانکاری بەسەرداهاتوە و بەشێکی زۆری کراوە بە یەهودی. دانیشمان ناوە بەو گۆڕانکاریانەدا (ڕازی بوین بەوەیل بەڵام وەیل رازی

نابێت پێمان). چونکە کێشەکە ئەوەیە کە رۆژئاوا دەیەوێت عەرەب لەوەش زیاتر زەلیل بێت و داوای ئەوەشی لێدەکەن لەوەی ماوە وازبهێنێت. لێرەشدا هەڵە مێژوییەکە روودەدات کە لێخۆشبوونی لە داهاتودا قورس دەبێت.

پێویست بوو دەست پێشخەرییەکەی میر (عەبدولا) بە گرنگی وەربگیرێت لە کۆنگرەی بەیروتدا نەك بە سوکی وەربگیرێت بەهۆی ئەو بارودۆخە ناخۆشەی عەرەب و لاوازییەکانی ئێستا و لە یەك هەڵوەشاندنەکانیانەوە. چونکە ئەوە لاوازییەکی کاتییە و تائەبەد بەردەوام نابێت وەك چۆن دوژمنەکان وا گومانی دەکەن. ئەمەش کەوتنە گەورەکەی (بۆش) و سەرکردە راستڕەوە ئیسرائیلیەکان دروست دەکات. هەروەها چەند لێپرسراوێکی ئەوروپیش لە سەر ئەم هەڵوێستە سەرکۆنەی دەکەن و لە دەرئەنجامەکانی دەترسن لە داهاتودا. بەڵام بێ ئەوەی شتێکی وەها بکەن کە کاریگەری هەبێت لەسەری. بەڵام ئەی ئایا ئەگەر هەوڵی ئەوەبدەن گوێیان لێ دەگیرێت؟ ئایا ئەو واخۆی نیشان نادات کە سەرۆکی جیهان و ئیمپراتۆرە گەورەکەیەتی؟

ئەوە هەر دنیای عەرەبی نییە کە خەیاڵی ئەوە دەکات تۆڵە لە رۆژئاوا بکاتەوە بە لکو جیهانی چین و روسییەکان و تەنانەت ئەمریکای لاتینیش خەیاڵی ئەوە دەکەن. ئەوانە بە شێوەیەك لە شێوەکان هەموویان بە هەیمەنەت و غرور و دەوڵەمەند بوونە ئابڕو بەرانەکەی رۆژئاوا بێتاقەتن. بەم دواییانە بیستم کەوا

90٪ ی چینییەکان دڵخۆشبوون کاتێك هەواڵی 11 سیپتمبەر دەبیستن. ئەم هەواڵەش ترسناکە و پێویستە ڕۆژئاواییەکان زۆر بە گرنگی وەریبگرن. چونکە ڕۆژگارەکان تاسەر بۆکەس بەردەوام نابێت، هەروەها شارستانییەتەکانی بەشەریەتیش بەردەوام لە شوێنێکەوە ڕۆشتوە بۆ شوێنێکی تر.

جێگای داخە کە دەبوو ئەم شارستانییەتەی ڕۆژئاوا بەسەر هەموو گەلانی سەرزەویدا بڵاوببوایەتەوە و ببوایە بە شتێکی گەردوونی ئەگەر زیاد لە پێویست ئەنانییەتی تیادا نەبوایە. چونکە زۆرێك لەو بەهاو ئازادییانەی تیادایە کە زۆربەی گەلان ئاواتی بۆ دەخوازن، بەڵام ئەو دەستبەرداری ئەو نەزعە ئینسانیانە بووە کە لە قۆناغی یەکەمی دروست بوونییەوە لە گەڵیدا بوە. بەڵێ، پرۆژەی ڕۆشنگەری پێویستی بە ڕاستکردنەوە پاککردنەوە هەیە وەك فەیلەسوفی ئەڵمانی (هابرماس) وەها دەڵێت. ئەگەر نا ئەوا ئەم شارستانییەتە ڕاستگۆیی خۆی لە دەست دەدات و بە مجۆرەش دەبێتە نەهامەتیەك بۆ هەمووان.

***

## ئەزموونم لەگەڵ فیکری ئەوروپی دا

زۆر بە راشکاوی و بێ هیچ فێڵکردنێك دەیڵێم: ئەگەر بەر لە چارەکە سەدەیەك پێش ئێستا ئەو فرسەتەم بۆ هەڵنەکەوتبایە و سەردانی ئەوروپام نەکردبایە، ئەوا دەژیام و دواتریش دەمردم بێ ئەوەی لە هیچ شتێك گەیشتبم.

ئەزمونی ئەوروپا لەبەر چەند هۆکارێك یەکلایکەرەوانە بوو.

یەکەمیان لەبەر ئەوەی رێگاخۆشکەر بوو بۆ ئەوەی دووربکەویتەوە لە خودی خۆت و لە چوار دەورەکەت. بە کورتییەکەی یارمەتیت دەدا بۆ ئەوەی بە ئازادی هەناسە هەڵمژی و لە شوێنێکی ترەوە سەیری رابوردو و بنەچە و

وبنەڕەتی خۆت بکەیت. ئەو یارمەتیدەرتە کە لەگەڵ خۆتدا حیسابەکانت یەکلایی بکەیتەوە. بەمجۆرەش ئەو قورسایی و بارەگرانانەی کە لەسەر سنگتە سوك دەکەیت.

دووەمینیشیان یارمەتی دەرتدەبێت بۆ ئەوەی زمانێکی ئەوروپی تازەی پڕ لە سەرچاوە لە هەموو تایبەتمەندییەکان و زانستەکاندا فێرببیت. تەنانەت ئەگەر چاوگێڕان بە چەند کتێبێکی سەرەکی نەبوایە لە زمانی فەرەنسیدا ئەوا نەمدەتوانی بە شێوەیەکی مێژوی لە مێژوی عەرەب و ئیسلام بگەم. زۆربەی زۆری ئەو کتێبانە ئەگەر هەمووی نەبێت وەرنەگێڕدراون بۆ زمانی عەرەبی، ئەگەر وەریشگێڕدرابن ئەوا زۆر بەدەگمەن ڕێکدەکەوێت وەرگێڕدراوێکی ڕاست یان خاوەن دڵنیایی بێت. ئەگەر بێت و بهاتبایە لە زمانە ئەسڵیەکەی خۆمدا گیرم بخواردبایە کە ئەویش عەرەبییە ئەوا ئاگاداری ئەو هەموو فتوحاتە مەعریفیانەی کە لە سەردەمی سەدەی شانزەوە تاوەکو ئێستا لە ئەوروپادا ڕوویانداوە نەدەبوم. کاتێك ئەم قسانە دەکەم ئەوەندەی هەست بەبێ تاقەتی و ئازار دەکەم ئەوەندە هەست بە فەخرکردن ناکەم و دەپرسم: ئایا دەبێ تاکەی ئەم هەموو شۆڕشە زانستی و فەلسەفییە لە زمانی عەرەبیدا ون بێت؟ کەی زمانی عەرەبیش دەبێتە زمانی زانست و فەلسەفە وەك زمانەکانی تری ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانی و هەموو ئەو زمانە تازە زیندوانەی تر؟ ئایا کەی هەموو سەرچاوە پێویستەکانی تیادا دەست دەکەوێت؟

سێهەمینیشیان ئەوەیە کەوا دورکەوتنەوە لە خود وا دەکات زیاتر و بە شێوەیەکی چاکتر لە دەرونی خۆت بگەیت؟ ئەمەش وەك ئەوەی تۆ هەرچەندێك دوربکەویتەوە ئەوا بە شێوەیەکی مەوزوعی نزیك دەبیتەوە یان زیاتر دەرونی خۆت دەبینی. چونکە بۆ ئەوەی لە دەرونی خۆت بگەیت پێویستە لەو مێژوەی کە دروستی کردوە و ئەو کەلەپورە کۆوەبوەی کە رووکاری بۆ پۆشیوە و بوەتە بارێکی قورس بەسەرییەوە جیاببێتەوە ئەگەر بۆ ساتێکیش بێت.

لە کۆتایشدا هۆکارێکی سەرەکی تر کە مەرجی هەموو هۆکارەکانی پێشوترە ئەویش: ئازادی بیرکردنەوە و رادەربڕینە، ئازادی تێگەیشتن و هەناسەدانی رۆشنبیرییە ئەگەر رێگا بەم قسەیەیان بدرێت: ئەوا ئەو نەسیمە ئازادییەی کە چەند سەدەیەکە ئەوروپای گرتۆتەوە بوەتە هۆی دروستکردنی بلیمەتەکانی و شارستانییەتەکانی و سەرکەوتنەکانی بە سەر هەموو گەلانی زەویدا. ئەزمونەکەی ئەوان لە دابڕانی خود لەخود، واتە لە پیربوون و کەوتنەکانیان بە نرخترین شتێکە کە من لە ژیانمدا فێری بوویم.

لە کاتێکدا ئەم وتارە دەنوسم لە بەردەممدا چەند وتارێکی رۆژنامەی (ئەلفیگارو) م لەبەردەستدایە کە ماوەیەکی کەم بەر لە ئێستا بە زنجیرە بلاوی کردۆتەوە. ئەو وتارانە لەم پرسیارەدا چڕ دەبنەوە : رۆشنبیرە مەسیحییەکان لە ئەوروپادا لە کوێن؟ یان بە دیاریکراوی لە فەرەنسادا؟ ئایا بوون بەهەڵم؟ یان

شیبونەتەوە؟ یان سڕوانەتەوە؟ لەم لێکۆڵینەوانەشدا گەورە رۆشنبیرانی خاوەن مەیلی دینی یان مەسیحییەت بە شداری دەکەن. ئەوە دەڵێین و ئێمە ئەوەش دەزانین کە رەوتی دینی لە رۆشنبیری فەرەنسی بە تایبەتی و ئەوروپی بە گشتی بەهۆی پێشکەوتن و بڵاوبونەوەی رۆشنگەری لە کۆمەڵگادا هاتۆتە دواوە و بچوکبوەتەوە.

ئێمەی ڕۆشنبیری عەرەبیش کاتێك باس لە فیکری ئەوروپی دەکەین زۆر بەدەگمەن باسی رەوتی (ئیماندار) دەکەین بەو گومانەی کەوا ئەم رەوتە کۆتایی پیٚ هاتوە و هیچ بونێکی نییە. ئێمە گرنگی دەخەینە سەر رەوتی سارتەر، یان میشێل فۆکۆ، یان جیل دۆلۆز، یان هەموو ئەوانەی تر کە بە شێوەیەکی تەواوەتی لە دینی مەسیحی یان مەسەلەی دینی هاتونەتە دەرەوە. ئەوەشمان لە بیر دەچێت ئەو رەوتە فیکرییەی کە ئیلهام لە مەسیحییەتەوە وەردەگرێت بە هیچ جۆرێك گۆڕەپانی فەرەنسی چۆڵ نەکردوە. ئەوە شوێنی گومان نییە کەوا ئەم رەوتە نرخی ئوسوڵییەت و دادگاکانی پشکنینی سەردەمەکانی زووی داوە بە شێوەیەك کە کەس نەیدەتوانی سەربەرز بکاتەوە، ئەمەش شتێکی سروشتییە.

بەڵام ئوسیوڵیەت لە رۆژئاوادا ئیدی توانای ئەوەی نەماوە کە تەهدیدی کەس بکات یان مایەی مەترسی بێت بۆسەر ئازادی فیکر، ئەویش لەبەر هۆیەکی سادە : چونکە ئامادەیی نییە. یان وەك بڵێیت قاعیدە کۆمەڵایەتییەکەی تا ماوەیەکی

درێژ کەمی کردوە. ئەمە لە کاتێکدا رەوتی مەسیحییەتی لیبراڵی – واتە ئازادیخواز – لە گۆڕەپانەکەدا باڵادەستە. سەرەڕای ئەوەش دینداری باوی مەسیحییەت لە ئەوروپادا شێوەیەکی جیاوازتری هەیە، چونکە ئەم شێوە دینداریيە بە شێوەیەك بیری زانستی و فەلسەفی تازەی تێکەڵاو بووە کە هەموو جۆرە سەرکوتکردن و ئیرهابکردنێکی دینداری سەدەکانی ناوەراستی تیادا ونبووە.

کاتێك باس لە رۆشنبیرە مەسیحییە گەورەکان دەکەین مەبەستمان لە نووسەرە بەناوبانگەکانی وەك فەیلەسوف (هنری بیرغسون) یان نووسەری گەورە (شارل بیغی) یان (جورج برنانوس) و (جان غیتون) یان فەیلەسوفی رۆحی کە تاوەکو ئێستاش زیندوە (پۆڵ ریکۆر)ە. هەموو ئەو کەسانە بە رادەیەك رۆشنبیری تازەیان هەزم کردوە کە دینداریيەکەیان وەك بڵێیت بە فەلسەفەیەکی ئازاد دەچێت دوور لە هەموو کۆت و بەندێك. بەمجۆرە پێویستە لە تێگەیشتنی وشەکاندا یان زاراوەکاندا هەڵە نەکەین.

وشەی دین یان دینداری یان مەسیحی لێرەدا هیچ پەیوەندییەکی بە پێشووە وە نەماوە. یان دەتوانین بڵێین پەیوەندی بە ناوەڕۆکەوە هەیە نەك بە توێژاڵەوە: واتە بەو پرسیارە میتافیزیکییە گەورانەی کە لەسەر وجودی بەشەرییەت دەکرێت. ئەوە ئیمانی دوای رۆشنگەرییە نەك بەر لە رۆشنگەری. ئەو لە رۆحانییەتی ئینجیل و بەها ئەخلاقییە


www.pertwk.com

بەرزەکانی دینی مەسیحییەت دەبات و هەموو ئەوەکانی دی فڕێ دەدات. ئەگەر نەهاتبمایە بۆ ئەوروپا نەمدەزانی ڕێگایەکی دی هەیە جگە لەو ڕێگا کۆنە بەجێ ماوەی کە سەدان ساڵە بۆ تێگەیشتن لە دین هەیە. هەروەها لە زهنییەتێکی داخراوی گیری خواردودا بە کوێری و بەبێ ئاگایی دەمامەوە واش بڕوام دەبوو کە بە تەنها ئەوە ڕێگای ڕاستییە. ئەمەش هیچ مایەی شەرمەزاری نییە و بێ هیچ شتێکیش دەیڵێم.

بەڵێ گەورەترین دۆزینەوەیەکی مەعریفی کە بۆم ڕێکەوتبێت ببینم ئەم دۆزینەوەیە بوو. بە بۆچوونی من ئەوە گرنگتر بوو لە دۆزینەوەکانی (نیوتن و ئەنیشتاین). یان بڵێیت هەر ئەم دۆزینانەوە بوو بەهۆی دەرکەوتنی کەسە گەورەکانی لە جۆری (نیوتن و ئەنیشتاین). ئەویش ئازادی ڕۆحە، ئازاد کردنێتی لە زنجیر و کۆت و پێوەندەکانی، لە زیندانەکان و ئیرهابیەتی لاهوتییەت. بەڵێ، لە سەردەمە تازەکاندا ڕۆحەکان لە ئەوروپادا کۆبویەوە، هەر لە سەدەی شانزەوە یان تەنانەت سەدەی چواردە و پانزەشەوە ڕۆح لەو کیشوەرەدا درەوشایەوە و نەسیمی ئازادیش بەسەریدا هەڵیکرد، ئەمەش وایکرد کە هەموو هونەر و زانستەکان و هەموو ئەدەب و فەلسەفەکان تیایدا بدرەوشێتەوە. هەروەها تێگەیشتنیان بۆ دینیش تازەبویەوە و هەموو شتەکان هەڵگێڕدرانەوە.

وەك ئاشکرایە کە پرۆژەی دەستوری ئەوروپی گەورە ئێستا لە ئامادەکردندایە بە چاودێری سەرۆك پێشوی فەرەنسی

(فالیری جیکار دیستان). ئەم دەستورە کە هەموو شارستانییەتی ئەوروپی و بەهاکانی لە خۆ دەگرێت هیچ ئاماژەیەکی تیادا نییە بۆ مەرجەعیەتی مەسیحییەت، واتە بۆ کەلەپوری مەسیحییەت لە کیشوەری ئەوروپیدا، هەر ئەمەش (پاپا) ی بێ تاقەت کرد. هەوڵی ئەوەشی دا کە بە هەموو قورساییەکەوە بەندێکی بۆ زیاد بکات کە باس لەم کەلەپورە و شەرعییەتەکەی بکات. بەڵام بێ سودبوو، هیچ کەسێك گوێی لێ ڕانەگرت. کۆشکی (ئەلیزیە) ش بە بیانوی بێ لایەنی و عەلمانییەتەوە رەتی کردەوە کە دەستتێوەردانی تیادا بکات لە بەرژەوەندی (پاپا). نەك هەر ئەوەندەش بەڵکو لە دژی دەستێوەردان بۆ بەرژەوندی پیاوانی دین لەم مەسەلەیەدا دەنگی ناڕەزایی بەرزبویەوە. چونکە ئەم دەستورە ئاراستەی هەموو بەشەریەت کراوە نەك بە تەنها مەسیحییەت.

بەمجۆرە ئەوە دەستورێکی کەونییە و ئاراستەی مرۆڤ کراوە لە هەچ شوێنێك بێت، یان سەر بە چ ڕەگەزێك یان چ دینێك یان هەچ مەزهەبێك بێت. بۆیە ئەوە دەستورێکە کە درێژکراوەی فەلسەفەی (کانت) و رۆشنگەرییە نەوەك عەقیدەی کەنیسەی کاسۆلیکی یان ڤاتیکان.

ئابەم جۆرە وادەردەکەوێت دوبارە کە گەڕاوینەتەوە بۆ ململانێ خوێناویەکە. مەبەستم لە ململانێی نێوان فەیلەسوفەکان و کاهینەکانە. بەڵام وا دەردەکەوێت کە ئەوروپا لە کوتایدایە بۆ ئەوەی لە ململانێیە دەربچێت. ئەو تەواو تێر

بووە، لێرەشدا بە بڕوای من پێگەیشتنە شارستانییەکەی روویدا. ئیدی لە فیکری ئەوروپیدا سەردەمێکی تازە دەست پێدەکات کە ئەویش سەردەمی رێکەوتنی نێوان ئیمان و عەقڵە. نێوان فیکری ئاینی و فیکری زانستییە و نێوان لاهوت و فەلسەفەیە.

بەڵێ، من ئیرەیی بە ئەوروپییەکان دەبەم بۆ ئەم پێشکەوتنە ناوازە گرنگەی بەدەستیان هێناوە. ئیرەییان پێدەبەم و خۆزگەشیان پێ دەخوازم لە هەمان کاتدا. کاتێکیش سەیری بارودۆخی ئەوان دەکەم و سەیری بارودۆخی خۆمان دەکەم توشی ترس و تۆقین دەبم. خەریکیشە باوەڕ ناکەم کە ئێمە لەسەر هەمان ئەستێرەدا دەژین کە پێی دەوترێت زەوی.

***

## ئایا راستە جیهانی ئیسلامی لە شارستانییەت و رۆشنگەری یاخییە ؟ !

یەکیەتی ئەوروپا لە بەر دەرگاکانی جیهانی عەرەبیدا راوەستاوە، چونکە دوای وەرگرتنی (قوبرس و ماڵتا) و نزیك بونەوەی وادەی وەرگرتنی تورکیا، ئەوا دورگەکانی و سنورەکانی نزیك بوەتەوە لە دورگەکانی سوریا و لبنان و تونس و هەتادوایی. ئەمەش بۆ خۆی رووداوێکی مێژوییە و ئەنجامی خۆی دەبێت، هەروەها بۆ ماوەیەکی دورتریش ئەگەر مامناوەند نەبێت مژدەی ئاسۆیەکی تازە دەدات. ئەوە


www.pertwk.com

خۆشییەکی راستەقینەیە کە سنورەکانی تۆ بە تەنیشت سنورەکانی گەورەترین فەزای شارستانییەتەوە بێت لە جیهاندا. چونکە بە شێوەیەك لە شێوەکان شارستانییەت هەردەبێت بڵاوببێتەوە و کاریگەری هەبێت لە سەرت بەپێی یاسای کێشکردن و کاریگەر و کاریگەری.

ئەوروپاش دوای ئەم فراوانبونە لە رووی ژمارەی دانیشتوانەوە کە نزیکەی (نیو) ملیارێك کەس دەبێت ئەمە جگە لەوەی گەورەترین تەکەتولی ئابوری و گەورەترین فەزای ئازادییە دیموکراتییەکانە، ئەوەشی بۆ زیاد دەکرێت کە لانکەی شارستانییەتی تازەیە لە نزیکەی پێنج سەدە بەر لە ئێستاوە. بەمەش توانای ئەوەی هەیە لە ئەمەریکا و غروری سەرکردەکانی ئێستای بمانپارێزێت، ئەوانەی کە شەڕی ئەخلاقیان دۆڕاند لە عێراقدا دوای دەرکەوتنی کردارەکانی سزادان لە زیندانەکاندا و هەروەها ئەوانەی کە شەڕی راستەقینە و عەدالەتیان دۆڕاند لە فەلەستیندا دوای ئەوەی رەتیان کردەوە کە بەپێی پێویست بە شداری پرۆسەی ئاشتەوانی بکەن و بە هەموو حەماقەت و نابەرپرسیاریەتیەکەوە خۆیان خزاندە بەرەی شارۆنەوە، کە وایکرد سەربازگەی عەقڵانییەت و میانڕەوی لاواز بێت تەنانەت لە ناو ئیسرائیلیشدا.

هەر بۆیە پێویستە لەسەر ئەوروپا ئێستا بێتە ناو فەوزای گۆڕەپانەکەوە بۆ ئەوەی ئەمریکا لە خودی خۆی ڕزگار بکات


www.pertwk.com

واتە لە غرور سەر خۆشبوونی بەهێز و جەبەروتەکەیەوە. ئەمە وتەی (باسکال بروکنیر) ی فەیلەسوفی فەرەنسییە کە یەکێك بوو لەوانەی پشتگیری شەڕی ئەمەریکای دژ بە عێراق و رووخاندنی سەدام و رژێمەکەی کرد. ئەو بڕوای وەهایە کە هێزی سەربازی بێ بوونی هیچ حیکمەتێك و ئاسۆ بینینێك ناگات بە ئەنجامێکی ئاوات بۆ خوازراو.هەروەها ئەو بە هەموو هێزێکییەوە پرۆسەی ئازاردانی زیندانییەکانی زیندانی ئەبو غرێب مەحکوم دەکات، لە هەمانکاتیشدا بە هیوای تێکشکاندنی ئەمریکییەکان نییە، چونکە ئەمە بە مانای سەرکەوتنی هێزە توندڕەوەکانە، ئەمە ئەگەر ئوسوڵییەت بێت یان نەتەوەیی.

سەرکەوتنی ئەم هێزە تاریك و توندڕەوانە بە تەنها زیان لە ئەمەریکا نادات، بەڵکو زیانیشە بۆ ئەوروپا و هەموو هێزە عەقڵانی و تازەگەرییەکانی نیشتمانی عەرەب. ئەمە بە مانای دوبارە گەڕانەوەی سەدامە بەڵام بەشێوەیەکی ترسناکتر. هەر بۆیە ئیدی کاتی ئەوەیە کە فەرەنسا و ئەڵمانیا و هەموو دەوڵەتە ئەورووپیەکانی تر ئەوانەی شەڕی عێراق لە دەوری یەکتری کۆکردونەتەوە بەشداری بکەن. چونکە بەهای ئەخلاقی ئەورووپی تاوەکو ئێستا کەمی نەکردوە، بە پێچەوانەی ئەمریکاوە، هەروەها ئەورووپا هەمووجار داوای ئەوەی کردوە کە یاسا نێودەوڵەتییەکان و نەتەوەیەکگرتوەکان دادوەری بکات پێش ئەوەی پەنا

بېرێتە بەر چەك. لەسەر تۆنی بلیریش پێویستە هەڵوێستەکانی لێرەدا یەکلایی بکاتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ شیراك و شرۆیدەردا یەکبگرن و فشار بخەنە سەر بۆش لە پێناوی راستکردنەوەی سیاسەتی خۆرئاوایی وەك گشتێك لە بەرامبەر عەرەب و موسوڵمانەکاندا. بەڵام پارێزگارە تازەکان سەری خۆیان سوار کردوە و بڕواشیان وەهایە دەتوانن بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نەخشەکانی بە گۆچانێکی سیحری بگۆڕن. هەرلێرەشدا هەڵەکەیان لە پێشبینییەکانیاندا روو دەدات.

کارەکان بەم ئاسانییە نییە، هەروەها سوتاندنی قۆناغەکان دەبێتە هۆی پێچەوانە بوونی ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکانەوە. هەروەك چۆن خێراتر کردنی جوڵەی مێژوش لە پێویست زیاتر دەبێتە هۆی وەڵامدانەوەیەکی توڵە ئامێز لەلایەن ئەو گەلانەی کە ناتوانن زیاتر لە ئیقاعی تایبەتی خۆیان پێشتر بکەون. ئەوەی ئەوروپا لە شارستانییەت و دیموکراتییەت و تازەگەریدا بە درێژایی 300 ساڵ بە دەستی هێناوە ئێمە ناتوانین بە چاوترووکانێك هەمووی هەزم بکەین. لە واقیعیشدا زۆربەی بیرمەندە فەرنسییەکان ئەوانەی کە بەم دواییە بۆچوونەکانیانم لەسەر رووداوەکانی عێراق خوێندۆتەوە بە شێوەیەکی گشتی داوای هەمە ئاهەنگییەك لە کردارەکاندا دەکەن لە نێوان ئەمەریکا و

ئەورپادا. چونکە ئەمەریکا یەکەم لیّدانی خۆی دەوەشیّنیّ بۆ ئەوەی ئەو میّژوە وەستاوەی ناوچەکە بجولیّنیّ بەلاّم هەمەجیەتەکەی زۆر لە شویّنی خۆی تیّپەڕیوە. ئەوکاتیش رۆڵی ئەوروپا دیّت بۆ ئەوەی، ئەوەی شکاوە چاکی بکاتەوە و مەنهەجیەتیّکی شارستانی بگریّتە بەر لە چارەسەرکردنی کیّشەکاندا و هەڵکردن لەگەڵ گەلانی عەرەبی و ئیسلامیدا.

هەروەها ئەوروپا ئەوە باش دەزانیّت ئەگەر گەلانی ئیّمە زیاد لە پیّویست ئیهانە بکریّت ئەوا دەکەونە دوای هیّزە توندڕەوەکان و ئوسوڵییەکان، ئەوکاتیش ئەستەمە هیچ دیالۆگیّك لە نیّوان جیهانی عەرەبی ئیسلامی و رۆژئاوایدا روو بدات. ئەمەش وادەکات قەبارەی هیّزە رۆشنگەرەکان و ئینسانییەکانیش لە جیهانی عەرەبیشدا کەم ببیّتەوە. ئەمە ئەگەر بە تەواوەتی دەنگی سەرکوت نەکریّت.

جا بۆیە پیّویستە لەسەر ئەمەریکا و ئەوروپای رۆژئاوایی هەست بە لیّپرسراوییەتی خۆیان بکەن و چیدی لەوە زیاتر ئیحراجی هیّزە پیّشکەوتنخوازەکان نەکەن. چونکە ئەم هیّزانە بوونیان هەیە و دەیانەویّت لەو بارودۆخە ناخۆشەدا شتیّك بکەن، بەلاّم ئەگەر ئیهانەکردنی رۆژئاواییەکان بۆ مافەکانی عەرەبی زیادی کرد: ئەوا لەلایەن هیّزەکانی تاریکی و ئوسوڵییەتەوە بەرەنگاری دەبنەوە. ئەمەش ئەوروپییەکان چاك دەیزانن بە هۆی ئەو پەیوەندییە میّژوییە و دراوسیّیانەی کە

لەگەڵ جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا هەیانە بە شێوەیەکی گشتی.

نەهامەتی رۆشنبیرە عەرەبەکان ئەوەیە کەوا ئەوان کەوتونەتە نێوان دوو بەرداشەکەوە: بەرداشی راستڕەوە رۆژئاواییە رەگەزپەرستەکان و بەرداشی راستڕەوە عەرەبییە ئیسلامییە توندڕەوەکان. بەمجۆرەش ئەوان لە دووبەرەوە شەڕ دەکەن نەك لە یەك بەرەوە، بەڵام هەموو هیوایەکمان ئەوەیە کە هێزە پێشکەوتنخوازەکانی کە هێز گەلێکی زۆر و گەورە و قورسن هەست بە مەترسی بارودۆخەکە بکەن و ئەو دەستە بشکێنن کە خەریکە دەمانخنکێنێ. ئەمە ئەوەیە کەدەتوانرێت لە چوارچێوەیەکی جیهانی گشتگیردا دەربارەی بارودۆخەکە بگوترێ. بەڵام ئەی دەتوانین چی بڵێین دەربارەی بارودۆخە خۆجێتییەکان یان ناوخۆییەکان؟

دەبێت دان بەوەدا بنێین کە هێزی شکست و بێکاری خودی تاوەکو ئێستاش بەهێزترینە لە هێزی سەرخستن و داهێنانی زیندووی لە جیهانی ئیسلامیدا. هەر بۆیەش زۆرینەی وڵاتەکانی جیهانی سێهەم بە هەنگاوی خێرا رووە و دیموکراتی و ئازادی هەنگاو دەنێن ،جگە لە ئێمە نەبێت. لەبەر ئەم هۆیەشە کە هەندێك کەس باس لە ناوارتەیی ئیسلامی دەکەن: بەو مانایەی کە گەلانی ئیسلامی، عەرەبی یان غەیرە عەرەب تاوەکو ئێستاش یاخین لە بەهاکانی ئازادی و تازەگەری و پێکەوە ژیانی دینی و دیموکراتی.


www.pertwk.com

لەواقیعیشدا تەنانەت دەوڵەتە گەورەکان ئەوانەی کە خاوەن کەلەپورێکی درێژبوەوەی فراوانن وەك هیند و چین، هیچ سوکییەك هەست پێناکەن بەرانبەر نمونەی رۆژئاوایی بۆ دەرچوون لە دواکەوتن بۆ بەدەستهێنانی پێشکەوتن بۆ گەلەکانیان. بەڵام ئێمە تاوەکو ئێستاش ئەم نمونەی شارستانییە وەك دوژمنێك بۆ سەر خۆمان حیساب دەکەین، یان بۆ سەر تایبەتمەندییەکانمان و رەسەنایەتییەکەمان.

لە راستیشدا هەوڵدانەکانمان سەرکەوتو نابێت ئەگەر بێت و دوبارە گرنگی نەگەڕێنینەوە بۆ هەڵوێستە فەلسەفییەکان بە بەراورد بۆ ئەو هەڵوێستە فیکرییە کۆنەی کە بەسەر هەمووماندا زاڵە و لە پێشیانەوە رۆشنبیرەکانمان. بەریەککەوتنی راستەوخۆ لەگەڵ ئەوروپادا یارمەتی ئەوەمان دەدات. ئەو پرسیارەش کە دەخرێتە روو ئەوەیە : ئایا ئەم بەریەککەوتنەی کە لە نێوان کۆمەڵگاکانی دوای تازەگەری و کۆمەڵگاکانی پێش تازەگەریدا روو دەدات چی ئەنجامێکی لێ دەکەوێتەوە؟ بابڵێین دەبێتە هۆی بڵێسەی تێکەڵاو بوونی شارستانی! رەنگە یەکێك بڵێت بەڵام ئایدۆلۆژیای عەرەبی توندڕەو بە هەردوو نوسخە نەتەوەیی و ئوسوڵییەکەیەوە دەبێتە هۆی رێگرێکی قورس لەبەردەم ئەم تێکەڵاوبوونە شارستانییە، هەروەها رۆشنگەری ئەوروپی وێنەیەکی دەستکاریکراوی پێش وادەی خۆی رووداوەکانمان دەداتیْ لە رێگای ئەو دروشمانەی کە شەقامی عەرەبی تەنیوە.


www.pertwk.com

وەڵامیش بۆ ئەمە ئەوەیە کە ئەم ئایدۆلۆژیایانە هەرچەندێك موبالەغەکانیان بۆ ئەوەی نەڵێم درۆکانیان زیاتر و زیاتر ئاشکراتر بن راستگۆی خۆیان لە دەست دەدەن و بۆ یەکەمجاریشە لە مێژوی هاوچەرخماندا دەبینم کە لە گۆشەیەکدا ئەگەر نەڵێم لە قەفەسی تاوانباریدا قەتیس دەکرێت. یەکەمجارە وا هەڵدەکەوێت کە فیکری رەخنەیی بێتە ناو جیهانی عەرەبییەوە بە شێوەیەکی رادیکاڵی. یەکەمجارە کە رەخنە ئاڕاستەی ناوەوەش دەکرێت نەك هەر بە تەنها بۆ دەرەوە و هەروەها یەکەمجاریشە پرسیارگەلێکی لەمجۆرە دەکرێت:

بۆچی گەیشتوین بەم حاڵەتی داڕووخان و هەڵوەشاندنەوەی کە ئەمڕۆ تێیداین؟ وە بۆچی کەس جورئەتی تاوانبارکردنی ئەو نەخۆشییە ناوخۆیانە ناکات کە هەناوی کۆمەڵگاکانی لە یەك هەڵوەشاندوین وەك نەخۆشی تائفی و مەزهەبیەت؟

ئەزمونی ئەورووپا لە تازەبونەوەدا تاوەکو ئێستا بە چاکی نەناسراوە لە زمانی عەرەبیدا سەرەڕای ئەو زۆر وتنەی کەلێرە و لەوێ دەوترێن، هەروەها نهێنی هەڵسانەوە و پێشکەوتنە شارستانییەتەکەی تاوەکو ئێستا نادیارە تەنانەت بە نیسبەتی رۆشنبیرە گەورەکانی عەرەبیشەوە، هۆیەکەشی ئەوەیە کەوا ئێمە لە تازەگەری هەموو شتەکانی دەبەین بە تەنها شتە سەرەکییەکە نەبێت: مەبەستم لەو ململانێیە زۆر و جەدەلییە درەوشاوەی نێوان هوشیاری ئەفسانەیی وهوشیاری مێژوییە، یان نێوان ئەقڵی فەلسیەفی و زانستییە، وە بە پێچەوانەشەوە.


www.pertwk.com

ئەم ململانێیەش دەبێت لای ئێمە و لەناو کەلەپورەکەشماندا بکرێت.

چەندێك ئاواتم ئەوەیە شەڕەفیکرییەکانی فیکری ئەوروپی کە لە نێوان ئوسوڵییە مەسیحییەکان لەلایەك و لە نێوان فەیلەسوف و زانایانەوە لە لایەکی ترەوە بە درێژایی سێ سەدە یان چوار سەدەی پێشوەوە بگوێزرێتەوە بۆ لای ئێمە ئەوکاتیش دەزانین خەریککردنی خود بە خودەوە مانای چی دەگەیەنێت. هەروەها چۆنیش لەو ململانێ بلیمەتانەوە خودێکی تازە دروست بوە کە ئێمە ناوی دەنێین تازەگەری. ئەوکاتیش لەوە دەگەین کە بۆچی هیچ بیریارێکی فەلسەفی دەربارەی کەلەپوری دینی لای ئێمە نییە وەك چۆن لای رۆژئاوا هەیە.

تەنانەت لە وڵاتێکی علمانی وەك تورکیادا ئەم بیرە فەلسەفییە لاوازە، بە تەنها لە چەند ناوەندێکی زانکۆیی و چینە باڵاکان دا کورتبوەتەوە و درێژ نەبوەتەوە بۆ زۆرینەی خەڵکی، هۆیەکەشی ئەوەیە کە نە لە تورکیا و نە لە هیچ وڵاتێکی عەرەبی یان ئیسلامی تر هیچ بزوتنەوەیەکی فیکری فراوان وەك ئەوەی کە لە ئەوروپای سەردەمی تازەگەریدا واتە سەدەی 18 سەریهەڵدا نییە. ئەتوانم بڵێم خودی کۆمەڵی عەرەبی و ئیسلامی تاوەکو ئێستا رووبەڕووی لێکۆڵینەوەیەکی دەرونییانە نەبوەتەوە کە رزگاری کات لە گرێ و ئازارەکانی.

***


www.pertwk.com

## عەرەبەکان لە ئازادکردنی دەرەکییەوە بۆ ئازادکردنی ناوخۆیی

بە درێژایی پەنجا ساڵی رابوردوو دروشمی عەرەبەکان ئەمە بووە (هیچ دەنگێك بەسەر دەنگی تفەنگەکاندا زاڵ نابێت). هەموو هەوڵ و تواناکانیش پێویستە لە خزمەتی کێشەیەکی سەرکیدا بێت، کێشەیەکی پیرۆز، کێشەی یەکەمی عەرەبەکان. هەموو شتەکان لە خزمەتی ئازادکردنی زەوییە داگیرکراوەکاندایە، ئازادبوونە لە هەیمەنەتی دەرەکی یان دوژمنە دەرەکییەکان، بۆ کەسیش نەبوو باس لە ئازادبوونە ناوخۆییەکان بکات، یان ئازادی رۆژنامەگەری و فرەحیزبی، یان مافی جیاوازبوون، بەڵام ئێستا وا پێدەچێت کە بارودۆخەکە بەشێوەیەکی بنەڕەتی گۆڕابێت و پێچەوانە بوبێتەوە.

ئەوە راستە کە رێگرەکانیش هەن و تەنانەت گەورەشن، بەڵام جوڵەی مێژو و ئاسۆکانی هێدی هێدی ئاشکرا دەبێت و ئەوەمان پێدەڵێت کە مەنتیقی پێشوی فیکری عەرەبی هەموو تواناکانی خۆی لە دەست داوە (بگرە کاتیشی بەسەر چووە) و مەنتیقێکی تازەتر بە هۆی کۆمەڵێك هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکییەوە جێگای دەگرێتەوە.

ئەو رێپێوانە جەماوەرییەی گۆڕەپانی شەهیدان و بەهاری (بەیروت) لە قولاییەوە ئەوەمان پێدەڵێت کە چیدی بەسە دروشمە دووبارەبووەکان و غەوغائییەتە دیماگۆجییەکان! ئێمە

ئازادکردنێکی ناوخۆیمان دەوێت، دەمانەوێت هەناسە بدەین، دەمانەوێت بژین، رژێمە موخابەراتی و سەرکوتکەرە پۆلیسییەکان و چاودێرەکانی لەبەرچاومان نەمێنن. لە تواناماندا نەما کە چیدی چاوەڕوانبین یان تاوەکو ناکۆتا بە بیانوی ئازادکردنی دەرەکییەوە دوای بخەین. خۆپیشاندانە دژەکەی (حزبوڵلا) ش تاوەکو ئێستا گرنگی دەخاتە سەر ڕووبەڕووبونەوەی دوژمنە دەرەکییەکان، کە بەوەش مەسەلەی ئازادییە ناوخۆییەکانی پشتگوێخستوە.

ئەگەر (ئیسرائیل) تاوەکو ئێستا ناوچەکانی (جۆلان کێڵگەکانی شەبعا و کەرتی رۆژئاوا)ی داگیرنەکردبا، ئەوا دروشمەکانی (حزبوڵلا) ش هەموو راستگۆییەکی لە دەست دەدا و لە توانایشدا نەبوو هەزاران کەس لە خۆی کۆبکاتەوە. جا بۆیە لە نێوان هەردوو خۆپیشاندانەکەدا دژایەتییەکە دیارە. ئەگەر قوربانییە گەورەکانی ئەم حیزبە نەبوایە لە ئازادکردنی باشوردا (لوبنان) و شانازیکردنی نەبوایە دژ بە داگیرکەری دەرەکی ئەوا بێگومان ئەم هەموو هەیبەت و قورسییەی نەدەبوو، تەنانەت لەلای ئۆپۆزسیۆنی لوبنانی و بە تایبەتیش لەلای (ولید جنبلات)، لەگەڵ ئەوەشدا جێگای دڵتەنگییە کە هەندێك وێنەی (جنبلات) لەسەر شێوەی حاخامێکی یهودی بەرزدەکەنەوە، وەك لە خۆپیشاندانەکەی (النبەتییە) دا کرا. پێویستە ئەم موزایەدانە کۆتایی پێبهێنرێت، وە پێویستە کە (حزبوڵلا) لەوە تێبگات کە مێژو سەدو هەشتا پلە لە ناوچەی


www.pertwk.com

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوو لە گۆڕانە ...! هەروەها ئەوەش دەبێت بزانێت کە چۆن لە قۆناغێکی پێشوترەوە دەگوازێتەوە بۆ قۆناغێکی دیکە، واتە لە جیهادی بچوکەوە ڕووە و جیهادی گەورەتر. ئەو بە تەنها ناتوانێت پێچەوانەی جوڵەی مێژوو بجوڵێتەوە، ئەگەر پیاوێکی بەڕێزی قوڵ لە ئیسلامەتی و عەرەبییەکەیدا وەك (سادق مەهدی) تەوقە لەگەڵ (شەمعون پێرێز) دا بکات لە ئیسپانیادا، ئەمە مانای وەهایە کە جیهانی عەرەبی هەر بە ڕاستی ڕووە و گۆڕانە.

سەرۆك (بۆش) لەبەردەم (حزبوڵڵا) دا دەرگای بە کراوەیی هێشتۆتەوە، دەروازەیەکی شەریفی وەهای بۆ کردۆتەوە کە لەگەڵ قۆناغی تازە کە سەرەتاکانی هێدی هێدی خەریکە دەردەکەوێت بتوانێت بارودۆخی خۆی ڕێکبخاتەوە و لەگەڵیدا رابێت. سەرۆکی ئەمریکا بە لێدوانەکەی توشی سەرسوڕمانی کردین و ئەوەی بۆ سەلماندین کە ئەو لە بیرکردنەوەیدا خاوەن بیرێکی کراوەیە و بە پێچەوانەی ئەوەش کە لە جیهانی عەرەبیدا پڕوپاگەندەی بۆ دەکرێت بەرانبەر عەرەب و موسڵمانەکان حەقدی نییە. ئەو سەلماندی هەرچەندیشە بەهێزترین پیاوی جیهانە، دەزانێت چۆن نەرم بێت و ڕێوشوێن و حەساسییەت و پێدراوە ناوخۆییەکان لەبەرچاو بگرێت. هەروا زانیویەشێتی کە چۆن جیاوازی بکات لە نێوان حیزبێکی تێکوشەری نیشتمانی وەك (حیزبوڵڵا) و کومەڵە تیرۆرستییەکانی وەك قاعیدە و زەرقاوی ...

ئەوەش کە کەوتۆتە سەر (حیزبوڵلا) ئەوەیە کە عاقڵ بێت و وەك ئەو نەرمی بنوێنێت و بە چاکە وەڵامی بداتەوە: واتە لە ڕێگای وازهێنان لە فیکری چەکەوە بۆ چەکی فیکرەوە، ئیدی زەمەنی جیهادی بچوك کۆتایی هات یان خەریکە کۆتایی دێت. هەروەها لەسەر ڕێکخراوی (حەماس)یش پێویستە کە لەگەڵ جوڵەی مێژو و شنەبای ئازادی ناوخۆیدا کە لەم بەهارەدا بە سەر بەیروتییەکان و عەرەبەکاندا هەڵی کردوە بجوڵێت.

ئەوە شتێکی باش بوو کە (خالید مەشعەل) بەشداری گفتوگۆی ڕێکخراوە فەلەستیەنییەکانی کرد ل ەقاهیرەی پایتەختی میسر. بە ڕاستی سیاسەت هونەریکە ئەتوانێت بکرێت نەوەك شتێکی موستەحیل، هەر ئەمەش بەر لە دوو هەزار و پێنج سەد ساڵ پێش ئێستا (ئەرستۆ) فێری کردوین شیعر هونەرێکی موستەحیلە.

تۆ بە شیعر و ڕۆمانتیکییەت دەتوانێت هەرچ شتێك بڵێت، بەڵام سیاسەت لێپراوسێتی و قسە گەلێکە کە خاوەنی لەسەری دەتوانرێت لێبپرسێرێتەوە. ئیدی تێرمان خوارد لە دروشمە پوچ و ڕۆمانتیکییەتەکانی سیاسەتی عەرەبیش. هەموو ژیانی سیاسی عەرەبی بەم دژایەتییە قوڵەی نێوان ئازادبوونە دەرەکییەکان و ئازادبوونە ناوخۆییەکانی مەحکومە، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەولەویاتەکان بۆ کامیانە، بەڵام ئێمە دەمانەوێت لەم دژایەتییە دەربچین.

ئێمە هەردوو ئازادکردنەکەمان لە یەك کاتدا دەوێت، بەڵام چونکە ناتوانین بە یەك جار ئەمەمان دەستبکەوێت، ئەوا هەندێك لە ئێمە ئەوی دی بە (خیانەت) تۆمەتبا دەکات، چونکە ئازادبوونی ناوخۆیی پێش دەخەن و هەندێکی دیکەشمان (حزبوڵڵا) بە تەگەرەی بەردەم بەهاری ئازادی (لوبنان) دادەنێین، چونکە بە تەنها بیر لە ئازادبوونی دەرەکی دەکاتەوە و پێی باشە کە بارودۆخە ناوخۆییەکە وەك چۆنە ئاوها بمێنێتەوە.

ئێستا ئیدی کاتی ئەوەیە کە ئەو بۆ شاییەی نێوان هەردولا کەمبکرێتەوە، کاتی ئەوەیە کە هەردوو ئازادکردنەکە بە یەکەوە کۆبکەینەوە، چونکە ئەو دووانە تەواوکەری یەکترین، نەوەك دژ، من بڕواشم وەهایە کە ئەمە کارێکە دەتوانرێت بکرێت ئەگەر بێت و گومانەکان چاك بن و دەنگی عەقڵیش زاڵبێت.

(حزبولا) ش کە پێشتر ئەوەی زانیبێت کە چۆن لوبنان لە داگیرکەری دەرەکی ئازادبکات، ئەوا جێگای نیگەرانی و تێنەگەشتنە ئەگەر بێت و هاوکار نەبێت لە رزگاربونێکی ناوخۆییدا. ئەوە راستە کە پرۆسەیەکی وەها بەنیسبەت ئەو حیزبەوە قورسە لە کاتێکدا کە زەمەنێکی درێژی لەگەڵ فەزای پاڵەوانەکان و قوربانییەکان و ململانێیەکانی لەگەڵ دوژمنە دەرەکییەکاندا بەسەربردوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئاسان نییە کە لەحاڵەتی جەنگەوە بگوازێتەوە بۆ حاڵەتی ئاشتی، لە رووبەڕووبونەوەی دوژمنە دەرەکییەکانەوە بگوازیتەوە بۆ رووبەڕووبونەوە لەگەڵ دوژمنە ناوخۆییەکان واتە هەژاری و


www.pertwk.com

برسێتی و پەراوێزخستن و گەورەکردنی کێشە تائیفی و مەزهەبییەکانی لوبنان و هەموو ناوچەکەدا.

ئەو کاتیش بەدەردەکەوێت کە ململانیٚ لەگەڵ (خود) دا مەترسی کەمتر نییە لەململانیٚ لەگەڵ دوژمندا، هەروەها ئازادبوونی ناوخۆیش لەگەڵ ئازادبونی دەرەکیدا کەمتر قورس نییە. ئەو تەقینەوانەی کە لە شاری (حلە) ی عێراقیدا روویاندا و زۆر بەداخیشەوە زۆرێك لە شەقامی ئوردونی و تەنانەت عەرەبیشدا چەپڵەیان بۆ لێدا، کارێکی مەترسیدارە، هەروەها ئاماژەشە بۆ ئەوەی کە ڕۆچون لەناو ئازادبوونی دەرەکیدا وەهای کردوە کە ئازادبونی ناوخۆیمان لە بیر بچێتەوە. ئەوەمان لە بیر کردوە کە چەندین کێشەی تائیفی و نەژادپەرستی کۆن هەیە کە لە هەموو ساتێکدا ئامادەیە بۆ تەقینەوە. ئەوەمان لەبیر چووە کە چەندین بۆمبی تەوقیتکراو هەن کە هەر بتەقێتەوە رەش و سپی پێکەوە دەسوتێنیٚ.

بەڵیٚ، بە بیانوی رووبەرووبونەوەی دوژمنە دەرەکییەکانەوە کەمتەرخیمان لە دەستنیشانکردنی نەخۆشییە ناوخۆییەکاندا کردوە، ئێستاش زۆر بە قورسی باجەکەی دەدەین. مەترسییەکە لە کێشەکەی (حلە) دا وەك چۆن (مشاری الزایدی) ئاماژەی پێدا، کوشتنی دەیانی ئەو هاولاتیانە نییە بە شێوەیەکی کوێرانە لە شەقامەکانی ئەو شارەدا، بەڵکو مەترسییەکە لەوێدایە کە شەقامی ئوردونی چەپڵەی بۆ لێبدەن و وەهای دابنێن کە کارێکە خودا رازی دەکات.

(کانت) پێی وابوو کە حەماسەت بۆ رۆشنگەری لە رۆشنگەری گرنگترە، چونکە دەیگرێتە خۆی و دەیپارێزیٚ، جا بۆیە حەماسەتیش بۆ بیرکردنەوەیەکی کوێرانە و تاوانێکی گەورە گرنگتر و مەترسیدارترە لە تاوانەکە خۆی. ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە خاوەن پشتگیری بۆچونێکە کە کۆتایی نایەت و رێگای ئازادی و رۆشنگەری و پێگەیشتنی مرۆڤانەش هێشتا لەبەردەم جەماوەری عەرەبیدا زۆری ماوە.وە رەنگیشە هەردەستی پیٚ نەکردبێت، کە لە هەموو دڵمەوە هیوام وەهایە هەڵە بم.